# زمانی دایک
# لە نێوان ئایین و ئەدەب و
# بایەخی نێونەتەوەییدا

# زمانی دایك لە نێوان ئایین و ئەدەب و بایەخی نێونەتەوەییدا

د. پەخشان سابیر حەمەد
زانكۆی سۆران/فاكەڵتی ئاداب

**"ئەگەر دەتەوێ ئازارم بدەی، بە خراپی باسی زمانەكەم بكە"**
**(گلۆریا ئەنزالدوا)**

## پێشەكی

ولاّتانی جیهان بە ڕێژەی جیا جیا و لە ژێر كاریگەری جیهانگەرایی (گلۆبالیزم)، لە سەر ڕیتمێكی خێرا هەنگاو دەنێن، تەكنەلۆژیا بە خێراییەكی زۆر كون و كەلەبەری ژیان پڕدەكاتەوە و لە گەڵ خۆیدا چەندین وشە و زاراوەو دەستەواژەی نوێ دەخاتە نێو فەرهەنگی زمانە هەمەجۆرەكان و دەوڵەمەندییان دەكات، كە ئەمە خاڵێكی ئەرێنییەو لە ئاكامی پێشكەوتن ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەم ڕێڕەوە خێرایەی زانست و زانیاری نەرێی بەسەر زمانی دایكدا هەیە، هەستی مرۆڤایەتی بەرەو كزبوون دەبات.

لە كاتێكدا زمان ڕۆڵێكی گرنگی لە دیاریكردنی ڕۆشنبیری نەتەوەكاندا هەیە، لە پاڵ تێڕوانین و بوونی چوارچێوەی پتەوی دەوڵەت كە تەنیا بە هۆی بوون و بەكارهێنانی زمانێكی فەرمی و ستاندارد دەبێت، كە هاوڵاتیانی ئەم نەتەوەیە لە ژێر ڕەشماڵی زمانەكەدا كۆبكاتەوە.

زمانی دایكی هەر نەتەوەیەك تەنیا ناوی شوێن و كارو شتەكانی هەڵنەگرتووە، بەڵكو ڕۆشنبیری ئەم نەتەوەو بەها وبیروباوەڕ و مێژوو و دابونەریت و بیركردنەوەو چۆنیەتی ژیانی ئەم نەتەوەیەی هەڵگرتووە، بۆیە زمان بایەخی زۆر لەوە زیاترە كە تێیگەیشتووین، هەرچەندە پێوەری سەردەم لای گەلێك خەڵك زانین و ئاخاوتنی زمانی بێگانەیە، بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی كە بەشێكی زۆری وشەو زاراوەكانی لە نێو زمانانی دنیادا، چ لە چوارچێوەی ئاخاوتن، یان نووسین بێت، بەدیدەكرێن، لەبەرئەوەی زمانی ئینگلیزی ناسنامەی زمانی جیهانی هەڵگرتووە.

هەرچەندە بە درێژایی شارستانێتی دێرین و نوێ و فەیلەسووف و زانا زمانەوانییەكان هەموو كات سەرقاڵی گەڕان بوون بە دوای ئەسڵی زمان و چۆن سەریانهەڵداوەو ئایا لە سەرەتادا یەك زمان هەبووە؟ یان هەر لە سەرەتاوە زمانەكان

هەمەڕەنگ بوون؟ ئەمانەو چەندین پرسیاری تر لە دووتوێی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا تاوتوێ دەکەین و ئەم پێشەکییە بەم دێرانەی شاعیری عیراقی (صفي الدين الحلي) کە لە (٧٥٠)ك کۆچی دوایی کردووە و لەم دێرانەدا باس لە گرنگی و بایەخی فێربوونی زمانەکان دەکات و دەڵێ:

**بقدر لغات المرء يكثر نفعه**

**فتلك له عند الملمات أعوان**

**فهافت على حفظ اللغات و فهمها**

**فكل لسان في الحقيقة انسان**

## بەشی یەکەم
# لەزمانی دایکەوە بۆ زمانی نەتەوەیی

**باسی یەکەم: زمانی دایك و زمانی نەتەوەیی**

**"قسەنەکردن بەزمانی دایك و مردن وەکو یەکن"**

**(تمیرخانوف)**

زمانی دایك (اللغة الام) Mother tongue / La Langue maternally ئەو زما نە ڕە سەن و بذ چینەییە، کەمندالّ لە سەرەتاکانی تەمەنیدا فێری دەبێت لەنێو ئەو ژینگەی تێیدا لەدایك بووەو ئەو ناوەندەی کە ئینتیمای زمانی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕۆشنبیری و شارستانیەتی بۆ هەیە، ئەو زمانەی لە چوار چێوەی دوو کۆڵە کەی مالّ (دا یك و باوك) بەکار دەهێنرێت و دەیبەخشنە منداڵەکانیان، بەڵام مەرج نییە دواتر یا لەئێستایدا بەهەمان شێوە مامە ڵە لە گەلّ ئەو زمانەدا بکەن، تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ زمانی یە کەمی کە کە سەکان فێری دە بن و هێشتا تێی دە گەن و زمانی بیرکردنەوەیانە ئەوانەی لەژینگەیەکی دووانەیی زمانی دەژین ئەوا بەهەردوو زمان دەدوێن، زمانی دا یك ئەم سیفەتانە دەگرێتە خۆی:[١]

١– پێش هەموو زمانێکی دی و یەکەم زمانە فێری دەبێ و قسەی پێ دەکات.

٢– زیاتر بەکاری دەهێنێ.

٣– خۆی پێ دەناسێنێ و خەڵك بەو زمانە دەی ناسن.

٤– سەرچاوەی بیرکردنەوەو خەون و دەربڕی حەزوئارەزوەکانیەتی و دەیکاتە هەڵگری ژیانی.[2]

٥– لەهەموو زمانێکی تر باشتر دەیزانێت، هەر هیچ نەبێت لە سەرەتاکاندا، یا لەوانەیە کە زمانێکی تریش فێربوو، هێشتا ئەم زمانە باشتر بزانێت.[3]

---

١ ئەمجەد شاکەلی، منداڵی کوردو فەرهەنگی کورد لە هەندەران، چ١, سوێد,١٩٨٩, ل٥٦

2 لەئاکامی خوێندنەوە لەبارەی ئەم بابەتە، ئەم خاڵەم لا گەڵاڵە بوو.

3 ئەنتەرنێت، ویکیبیدیا، الموسوعة الحرة(لغةاولى)

زمانی دایك تەنیا قسەكردن نییە، بەڵكو زۆر زیاترە لەمەو زمان و نووسین و ناسنامەو ڕۆ شنبیری و شار ستانێتی و بوون دەگرێتەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی هەبوویی خاك و دە سەلات و شكۆیی و وەرگرتـ نی دان پـ ێدانانی نە تەوەیی و نێودەوڵەتی و زمانی.[١]

دەشێ زمان بەتایبەتی زمانی دایك ئاماژە بۆكردنێكی وردبێت كە دابونەریتە دێرینە هاوبە شەكان دەتواذ ێت لەنێو زمانی دایكی كەسەكان ڕەنگ بدا تەوە، ئەوە تەنیا بە سەر ئەو منداڵا نەی لەدەرەوە لەدایك بوون نا سەپێت، بەڵكو ئەوانەی لە نێو ولاٌتیش لەدایك بوون دەسەپێت.[٢]

زمانی دایك جیاوازە لە زمانی نەتەوەیی (Native language) واتە زمانی زۆرینە ئە گەر زمانی دا یك و زمانی نەتەوەیی هاوتابوون، ئەوا زمانی دایك و زمانی نەتەوەیی دەبنە یەك، زمانی دایك ئەو میراتەیە كە هەردەبێ منداڵەكان وەری بگرن، لە هەندێ زمان بڕی پەیوەستبوونی زمانی یەكەم بەزەوی و خاك بەیەك گەیەندراوە، بۆ نموو نە لە زمانی (سینی) كە گوزارشت كردنە لە (زمانی دایك) بەدەستەواژەی (بن غیو یو ین) كە بە وا تای (زمانی سەر چاوەی ولات) دێت. بۆیە زمانی دایك واتە شیری دایك، خۆسەویستی دایك، غەریزەی دا یك، خوێنی دایك...هتد.ئە مەش وادە كات كە لەزمانی دایكەوە زمانی نەتەوەیی سەرهەڵبدات، چونكە دایك بناغەی خێزان و خێزانیش بنا غەی كۆ مەڵگا و كۆ مەڵگاش بناغەی دەوڵەت دروست دەكات.[٣]

وەك چۆن زمانی دایك بناغەی مێژوو و ڕۆشنبیری كەسانە، ئەوا زمانی نەتەوەیی ئەم سنووره تێدە پەڕێنێ، بەلاٌم ئەویش بناغەی مێژوو و ڕۆشنبیری هەموو نەتەوەیە كە وەك زۆرینە, چونكە دە شێ چەندین كەمینەی خاوەن زمانی دایكی تایبەت لەنێو ئەم زۆرینەدا هەبن, لەئیش و كارە فەرمیەكانیان بچنە نێو دە سەلاتی زمانی نەتەوەییەوە, زمانی دایك تەنیا لەچوارچێوەی خێزان و لایەنە كۆمەلاٌیەتییەكەیان بەكار بهێنن، كاتێ زارۆك لەماڵەوە بە زمانی ناو ماڵ لەگەڵ كەس و كاری دەئاخڤێ سامانی كولتووریەكەی بەو زمان و دایەلێكتە بذ یات دە نێ، بەلاٌم مەرج نییە بە هەمان زمان یاخود دا یەلێكت بـ توانێ دە ستكەوتی ئەكادیمی و زانست بەدە ست بهێـ نێ، چونكە ئە گەر زمانێك، یان دا یەلێكتێك بەهایەكی كولتووری و سیاسی و ڕۆشنبیری قورس و تۆكمەی لەپـ شتەوە نەبێ ناتوانێ خۆی بـ گرێ و لە گەڵ ڕەوتی زانست و گەشەی زمانیدا ڕێ بكات[٤] لەدەستووری عێراقدا كە تەنیا دوو زمانی سەرەكی كراوە تە زمانی فەرمی كە

---

١ ئەنتەرنێت، الامازیغیة باعتبارها لغة الام، الواحة ٢٤، جریدة مغربیة ألكترونیة مستقلة.

٢ فلوریان كولماس، دلیل السوسیولسانیات، ترجمة:د. خالد الاشهب، ط١، مطبعة المنظمة العربیة للترجمة، بیروت، ٢٠٠٩، ص١٨٣

٣ لویس جان كالفی، حرب اللغات والسیاسات اللغویة، ترجمة د.حسن حمزة ٢٠٠٨، بیروت، ص١٥٣ و١٥٤

٤ كامیار سابیر، ئەنسرۆپۆلۆجیای زمانی كوردی،چ١ چاپخانەی ئاوێنە,سلێمانی، ٢٠١١، ل٣٠

ئەوانیش زمانی (عەرەبی و كوردی)ن، لەدەرەوەی ئەم دوو زمانەدا، كار بەهیچ زمانێكی تری كەمینەكانی نێو عێراقدا ناكرێت, لەكاتێكدا زمان ئامرازی بەهێزی مانەو پێشخستنی كولتووریە, ( عەرەبی و كوردی) لەچوار چێوەی عێراقی فیدرالدا هاوتەریبن, لەكاتێكدا لە (حەفتاكانی سەدەی ڕابردوو بزوتنەوەیەكی باش كەوتە ناو زمانی كوردییەوە و لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی ئاشتیدا گەشەكردن و پێشكەوتنێكی سەیرهاتەدی كە كاری كردە سەر تێكڕای پلەی بیرو خوێندەواری و فەرهەنگ لەكوردستاندا، كۆمەڵێك لەو نوسەرانە كە كورد یەكی چاك و جوانیان دەنووسی و دەبوونە نموونە بۆ ئەوەی خەڵكی دیكەش شتیان لێوە فێربن)[١].

دوا تر خەڵكانێك دەركەوتن كە (ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زمانی كوردی بەرەو هەڵدێرو بەرەو پوان و بەرەو داڕزان دەبەن,كوردیزانەكانی ئەمڕۆ كەمتر ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێ ڕاستەوخۆ زمان بخەنە ژێر چاودێرییەوە و كۆنترۆڵی بكەن)[٢].

بۆیە (كورد تا ناوەڕاستی دەیەی سێیەمی سەدەی بیستەمیش هیچ كێشەیەكی ئاڵۆزی زمانەوانی و ئەلف و بێ و ڕێنوسی نەبوو، شاعیرو نوسەری گەورە بەو زمانە نووسیویانەو خوێنەری كورد لەهەر بەشێك بوویێت كەم تا زۆر ئاگای لە تێكڕای ئەدەبی كوردی هەبووە، ڕۆژنامەگەری هەر لە دوا ساڵەكانی سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستی پێكرد بوو، لەدەیەی دوووەمی سەدەی بیستیشدا تا ڕاددەیەكی باش گەشەی كرد)[٣].

لەمەسەلەی زماندا هەلێكی زۆر مێژوویی و كولتووری و سیاسی لەكوردستانی عێراقدا هەڵكەوتووە كە كورد بۆ یەكەمجارە بەشێوازی سیاسی و فەرمی زمان وەك سیمبۆلیزمی نەتەوەیی بەرجەستە بكات[٤].

وەك چۆن كۆچڕەوی و تێپەڕاندنی سنووری زمانی و نەتەوەیی، سیستمی پەروەردە لەچەندین دەوڵەتدا زەمینەی بۆ چەندین زمانی هەمەجۆری قوتابخانەكاندا ڕەخساندووە, بوونی كەمینە لەو كۆمەڵگایانەدا كۆمەڵەی ڕەسەن و كۆمەڵەی كۆچڕەوە نوێیەكان □ وای لەپەروەردە كرد دووانەی زمانی بچێتە نێو بەرنامەی كاری ئەم دەوڵەتانە[٥] بۆ نموومە ئەو قوتابخانە توركیە تایبەتانەی لەشارەكانی كوردستاندا كراونەتەوە و بوونەتە مایەی وردە وردە توركی جێ پێی خۆی بكاتەوە, یان قوتابخانەی تایبەتی ئینگلیزی ( شویفات) وا دەكات زمانی كوردی زیاتر لەگەڵ ئەم زمانانە تێكەڵ بێت و وشەو زاراوەی زیاتر ئاڵوگۆڕ بكەن. ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕییە لە نێوان ئەو زمانانەی كە وەكو جمك وان لە

---

١ فەرهاد شاكەلی زمانی كوردی لەئاستانەی سەردەمێكی تازەدا، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٣٧-٣٨

٢ سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩

٣ سەرچاوەی پێشوو ل٤٤

٤ كامیار سابیر، ئەنسرۆپۆلۆجیای زمانی كوردی، ل٢١

٥ فلوریان كولماس، دلیل السوسیولسانیات، ت.د.خالد الاشهب، ص٣٠

* ساڵی ٢٠١٠ ئەرمەنەكانی توركیا بۆ ئەم مەبەستە خۆپیشاندانێكیان ئەنجامدا

جووڵەیەکی بەردەوامدان، هەرچەندە لایەنی نەرێیشی لێدەکەوێتەوە ئەگەر بە هۆشیارییەوە مامە ڵەی لەگە ڵدا نەکرێت، بۆ نموونە(( بە هێز ترین دوو ز مانی جیهان کە فراذ سەیی و ئینگا یزی بە ڕێژە یەکی زۆر و شەو تێرمۆنۆلۆجی یەکانیان تێکەڵبوونە، بە ڕێژەی لە سەدا ٣٠ تا ٤٠ وشە و فرێزوتێرمەکانیان لە یەکترییەوە وەرگرتووە، یان بە هاوبەشی لە لاتینی کۆنەوە وەریانگرتووە، بە هەمان شێوەش زۆربەی زمانە ئەوروپاییەکانی تر کەوتوونە تە ژێر کاریگەری هەردوو زمانی فرانسی و ئینگلیزییەوە))[1] ئەوە جگە لەوەی زمانی فەرەنسی زۆرترین قورسایی کوولتووری بە سەر زمانی ئینگلیزییەوە هەیە، بۆیە ئەو زمانەی لە باشووری کوردستان هەیە، دەکرێ ببێ بە بنا غەی زمانی نشتیمانی بۆ سەرجەم هەرێمی کوردستان[2].

زۆر جار لە ڕێگەی خۆ پیشاندان و پێ شکێش کرد نی داوا کاری کەمی نەکان بۆ مومارە سەکردنی زمانە کەیان و خوێندنی زمانەکەیان لە قوتابخانەکاندا، یان داواکردنی قوتابخانەی تایبەت بۆ ئەم مەبە ستە، لەوانە یە داواکا نیان بێ تە دی * چونکە زمان تەنها پەیامی بەیەکگەیشتن نی یە, بەڵکو بایەخە کەی لەوەدا یە کەڕەمزی نا سنامەو ئینتمای هەر کۆمەڵێکە، بۆیە ئەم جۆرە داواکاریانە ڕەوایەتی خۆیان هەیە.

زۆرجار ئەم جۆرە بابەتانە پاڵەپەستۆ دەخەنە سەر دەوڵەتان وەك چۆن (خرایە سەر چەندین دەوڵەتی بەناوبانگ بەکۆچڕەوی لەکۆندا وەك ئەمەریکاو ئوستراليا، هەروەها دەوڵەتە ئیستعماریەکانی پێشوو وەك بەریتانیاو فەرەنساو ئەو دەوڵەتانەی بونەتە ئامانجی کۆچڕەو بەمەبەستی چارە سەرکردن چە شنی ئەڵمانیا، بۆ ئەوەی پێنا سەی خۆ یان وەك دەوڵەتی هەمە زمان و هەمە ڕۆشنبیری بناسێنن) [3].

لەبەرئەوەی لەنێو زما ندا گەلێك جار ململا نێ درو ست دە بێ, وەك ئەو ململا نێ زمانی یەی لە (کە نەداو کی بك) سەریهەڵدا دانیشتووانی (کە نەدا) کە بەزمانی فەڕەنسی دەدوێن لە (کی بك) دان کەمی نەن, نزیکەی لە (٢٦٪) ی دانیشتووانی کەنەدان.

٢٥ ی دانیشتووانی ئەمریکای باکوور (کەنەداو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام سیستمی سیاسی (کە نەدا) ئەوە دیار دەکات کەچۆن چارەسەری دۆزی زمانی بکات.

کەنەدا دەوڵەتێکی فیدرالییە، ناوچە حکومیە فیدرالییەکان دەسەڵاتی دیاریکراو یان لە هە ندێ بواری گشتی وەك بەرگری و سیاسەتی دەرەوە ودراو هەیە، بەڵام لە بوارە کانی تەندرو ستی و ڕۆ شنبیری و پەروەردەدا سەربەخۆییەکی تەواویان هەیە.

---

١ کامیار سابیر، ئەنسرۆپۆلۆجیای زمانی کوردی، ل١١

٢ کامیار سابیر، لینگوا فرانکا ی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٩، ل٣٣

٣ فلوريان کولماس، دليل السوسيو لسانيات، ص ٣٠-٣١

لەبەرئەوەی زمان لەیا سای دە ستووری  ساڵی ١٨٦٧ کەچوار چێوەی دە سەڵات د یاری دە کات  نەهاتووە, ڕێگە بەحکومەتی فیدرالی و ناوچەیی دراوە کەبەشێوەیەکی هاوبەش دا نانی زمان د یاری بکەن، لە ساڵی ١٩٦٣ ەوە دا نانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە دووانەی زمانی و ڕۆشنبیری کەئامانجی  چاککردنی پەیوە ندی نێوان  ئەو دوو نەتەوە یە  بوو کە (کەنەدا)یان پێکهێناوە.

چەمکەکان گۆڕاون، ئەو کەنەدیانەی کە بەفەڕەنسی دەدوێن داوای خزمەتگوزارییان  بەزمانی خۆ یان  کردووە, بۆ ڕوو بەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشانەی جیا بوونەوە لەلایەن قسەکەرانی فەڕەنسی کە بێ بەری بوون لە لایەن دام و دەزگا کەنەد یەکان دوای  سەدەیەك  لە فیدرالیزم Federalism  ئەوا  بارودۆخێکی یەکسان بەخشرایە  هەردوو زمانی (فەڕەنسی +ئینگلیزی) لە دام و دەزگا فیدرالیەکاندا ٠ بەپێی یاسای پەیوەست  بە  بارودۆخی زما نە فەڕەنسیەکان  لە ١٩٦٩ و بڕیاری پەرلەمانی لەبارەی (زمان لەشوێنی کارە گشتییەکاندا)ی ساڵی ١٩٧٣) [١].

لەکەنەدا مەبەستی (دووانەی زمانی فەرمی) کاری بۆ پاراستنی هاوسەنگی نێوان فەڕەنسی و ئینگلیزی  کرد. بۆ یە لە (کیبك) بۆ هەندێك کاروبار ئینگلیزی زاڵە، بۆ نموونە ئابووری لەبەرئەوەی بۆ ماوە یەکی زۆرو  تا ئێستاش بەدە ستی زمان زانە ئینگلیزەکانە لەم بوارەدا زاڵە، بەلاّم فەڕەنسی لەبواری ڕۆشنبیری دا زاڵە [٢]سنووری سیا سی و  سنووری وڵات لەگەڵ زماندا وەك یەك نابێ [٣].

بۆنموونە سنووری کوردستانی عێراق لەگەڵ زمانی کوردیدا یەکناگرنەوە،  یان هە ندێك دەوڵەت  یەکزمانی  بەڕەوا دادەنێن، ئەمەش ململانێ دروست دەکات بۆ نموونە ململانێی (تورکی  کوردی) لەڕۆژهەلاّتی تورکیا، کە زمانی  فەرمی دەوڵەتی تورکیا (تورکیە) و دان  بەبوونی زمانی  کوردی وەك زمانێکی  سەربەخۆ  نانێن, لەبەر ئەوەی تورکیا دان بەنە تەوەی  کورد نانێت وەك  خاوەن نا سنامەی تایبەت  بەخۆیان و  بەتورکی  چیاییان دادەنێت [٤] ئە مە لە گەڵ داخوازییەکانی کورد لە تورکیا یەکناگرێتەوە.

هەندێك جار ئەو دوو زمانە فەرمییەی لە چوارچێوەی وڵاتێکدا بەکار دەهێنرێن، لە پلە و پایەیاندا هاوشێوەن،  یان یەکێکیان  بەهۆی  بارودۆخی تایبەت  بەو زمانە پلەوپا یەیێکی  کەمتری  پێ دەبەخشرێت،  یان  هەر زمانێك  سەرکوت دەکرێت، نموونەی (تورکیا) کە دەسەلاّتی سیاسی بۆ سەرکوتکردنی زمانی کوردی بەکاردەهێنێت.

---

١ فلوريان كولماس، دليل السوسيو لسانيات، ص ٦٤٣-٦٤٤

٢ اندرية مارتينية، وظيفة الالسن و ديناميتها ، ترجمة نادر سراج، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٩، ص ٢٢٤

٣ لويس جان كالفى، حرب اللغات والسياسات اللغوية، ص٨٦

٤ هارالد هارمان، تاريخ اللغات ومستقبلها، ترجمة سامى شمعون، المجلس الوطنى للثقافة والفنون والتراث، الدوحة ٢٠٠٦ ص٤٠

**باسی دووەم: زمان و ناسنامە**

*((هەرچەندە زمانگەلی تر بزانم ناتوانم بوونی خۆمی پێ دەربڕم، چونکە نوێنەرا یەتی من ناکەن))*

ئەو زمانەی کەسێك پێی دەدوێت ناسنامەکەیەتی، مێژووش ئەم گەواهیە دەدات کە ناسنامەی نە تەوەکان لە ذێو زمانیاندایە، بۆیە زمان مایەی شانازییەو لەگەڵیدا ڕۆشنبیری ئەم نەتەوە یە دەنا سرێت، چونکە وشەی ذێو فەرهەنگی زمانی هەرنەتەوەیەك تەنیا لە چوارچێوەی وشەکەدا نامێنێتەوە، بەڵکو وشەکان ڕەمزن بۆ نا سنامەو مێژووی زمانێکی دیاریکراو کە سنووری واتا تێدەپەڕێنێت و چەمکی شارستانی و ڕۆشنبیری و زەمەنی دواوەی وشەکان دەدرکێنێت.

دەشێ سیمای دەنگێك بەس بێت بۆ ئەوەی ئەو کەسە دیارییکرێت کە سەر بە چ کۆمە ڵەو زمانێکە، تەنا نەت لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە: (لە نێو گۆڕەپانی شەڕدا و دوای سەرکەوتنیان بەسەر گەلی ئیبراهیم دا (جیلدیس) پسپۆڕی زمان  نا سنامە، بۆ جیا کرد نەوەی دۆست و دوژمن داوای لە سەربازەکان کرد وشەی ( شیبولیث σηιββολετη) ئەوانەی کۆنسنانتی یەکەمیان بە (ش / Sh) وت دۆست بوون، ئەوانەی بە (س/S) دوژمن بوون و یەکسەر کوژران.[1]

تەنانەت ناونان کە بەشێکە لە پرۆسەی نەتەوەیی و لە نا ساندنی زما ندا چالاکە، بۆ یە دەبێتە یەکێك لەو خا ڵە گرنگانەی ذێو نا سنامە و پێکها تەی زمان. کە دەوترێت (کورد ستان) تەنیا ناوی هەرێمێك نییە، بەڵکو بەحوکمی دەستووری زمانی ئەم هەرێمە کە (کوردی)یە دیاری دەکات. ئەو زمانەی کە دەگەڕێتەوە بۆ مادە کان، یان مید یەکان  باوباپیرانی کورد– لەباکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئێران نیشتەجێ بوون و سنوور بە سنووری وڵاتی پارسەوە بوون کە کەوتبوونە لای باشوورییانەوە، بەڵام پاشاکانی ماد هیچ شوێنەوارێکی نووسراویان بە زمانی خۆیان جێ نەهێشتووە، تابیکەینە بەڵگەو خەسڵەتەکانی ئەو زمانە دەستنیشان بکەین، کە لەسەردەمی ئەواندا لەناو تاکەکانی گەلی ماد، یان کورد باو بووە و جگە لە هەندێ ناوی پاشاکانیان کەلە نووسراوی میللەتانی تردا باسیان هاتووە[2].

ڕۆڵی سەرکردە کوردەکان لەڕووی سیاسیەوە لە زمان وەك پێکهاتەی ناسنامە لە ڕووپەڕی مێژوودا مایەی سەرنج و تێڕاما نە، ( شێخ مەحموود لە سلێمانی لە سەرەتای بیستەکاندا لە یەکەم ڕۆژیەوە بە کوردی دەستپێکرد و ڕۆژنامەکەی و تەنانەت نامە تایبەتیەکانی شێخ مەحموود لەو سەردەمەو نامەی خەڵکی تریش بە گشتی بە کوردی دەنووسران و سمایل ئاغای شکاکیش کە نازناوی سمکۆی هەبوو لە (ورمێ)، دوا تر (ڕەزاییە) و دیسان (ورمێ) کە

---

١ الکتاب المقدس، سفر القضاة، الاصحاح ١٢ الایة ٦

٢ مەسعوود محەمەد، زمانی کورد، و/ حەکیم کاکەوەیسی، ل ٢٧–٢٨

جیهادی نەتەوایەتی کرد و دوایی وەك هەمیشە بە کوشتنی کۆتایی هات، ڕۆژنامەکەی کە بیری خۆی تێدا بڵاو دەکردەوە بە کوردی بوو[١].

قازی لە ماوەی ئەو (٤٥) ساڵەدا کە حزبی دیموکراتی کوردستان دەسەڵاتی ناوچەی موکریانی بە دەستەوە بوو، کۆمەڵێك کاری گرنگی ئەنجام دا و زمان و فەرهەنگی کورد گەشە کردنێکی بەرچاوی بەدەست هێنا تا ئەمرۆش شوێنەواری دەبینین.

دەسەڵاتی سیاسی ڕاستەوخۆی مەلا مستەفا بارزانی تەنیا لە ساڵانی (١٩٧٠ – ١٩٧٤) دابوو، ساڵانی دیکەیش کە ڕێبەری شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی کورد بوو لەبواری فەرهەنگدا گەلێك کاری گەورەی ئەنجام داون، بەڵام ئەو چوار ساڵەی ئاشتی ویست و خواست و هۆش و بیری نەتەوایەتی بارزانی دەردەخات، کە ئەنجام بەرهەمەکانی هەتا ئەمڕۆیش لە ژیانی فەرهەنگیماندا دیارن[٢].

دەتوانین (ئاڤێستا) بکەینە بەڵگەنامە و(تاپۆی کوردی) و خاوەنداریێتی خۆمان بۆ هەر وشەیەکی، کە لە ئاڤێستادا هەیەو فارسی زەوتی کردوە و لە دادگای مێژودا دەستی بەسەردا گرتووە، بسەلمێنین. ئێمە خاوەنی ئەو زمانەین کە قسەی پێدەکەین و دەستبەرداری نابین کە هاوشێوە و هاو واتایان

لە فارسیدا هەیە[٣]، چونکە ئەو سەلماندنە ناسنامەی تەواوی ئێمە وەکو کورد پێکدەهێنێت، بەڵام کورد تا ئێستا نەیتوانیوە خۆی لەو بێ باوەڕییەی بەرامبەر زمانەکەی خاڵی بکاتەوە، چونکە هەر وشەیەکی بێگانە بەدی بکات، تەنیا لەنێو زمانەکەی خۆیدا جێگای ناکاتەوە و یەکسەر دەیداتە پاڵ زمانی بەرامبەر، ئەم هێڵە لاوازە کاریگەری لەسەر زمانی کوردی کە ناسنامەیەتی کردووە.

چونکە ( کورد بوون بەبێ زمانی کوردی، لە مەش گرنگتر بەبێ زمانێکی هۆشدارو بەئاگا لەبارەی خۆیەوە تایبەتمەندی کولتووری و ناوەڕۆکی ئیتنیکی نەتەوەیی خۆی لە دەست دەدات)[٤] هەرچەندە (پێویستناکا زمانێکی میسالی لە پێناو وێنە گرتنی واقع درووست بکەین، بەڵکو زمانە ئاساییەکەمان وێنەیەکی لۆژیکیەو تەنیا ئەوەندە بەسە کە چۆنیەتی ئەو ڕێگایە بناسین کە ڕێڕەوی هەر وشەیەك دیاریدەکات)[٥] چۆنیەتی بەشداریکردنی ئەو زمانە لە پێکهاتەی ناسنامەی خەڵکدا ئەو زمانەی قسەی پێدەکات لەلایەك پاڵپشتێکی ڕەفتارییە لە ڕێی هەر ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی،

---

١ هەمان سەرچاوە ل ٦٢-٦٣

٢ فەرهاد شاکەلی، لەئاستانەی زمانی کوردی، ل ٦٨

٣ مەسعوود محەمەد، زمانی کورد، ل٤١

٤ د. رفیق سابیر، بەستاندار کردنی زمانی کوردی و ئەلف و بێی کوردی ل ١٠

٥ جمال حمود، فلسفة اللغة عند لودفیغ فنفشتاین، ، ط١، مطابع الدار العربیة للعلوم، بیروت ٢٠٠٩

لەلایەکی ترەوە بەرەو ئەو پەیوەندییانە دەڕوات کە بەهۆیا نەوە گوزارشت لە نا سنامە دەکرێت[1]. چونکە ڕۆ شنبیری مرۆڤا یەتی و ڕەف تاری کۆمەلا یەتی و بیرکرد نەوە بەبێ ز مان بووز یان نی یە ئە مە لەلایە کەوە و لەلا یەکی ترەوە بەیەکگەیشتن بە بێ ئامادە بوونی بیرکردنەوە واتایەکی نابێت لە بەر ئەوەی زمان و بیر دووانە یەکن ناکرێت تاوتوێی یەکیان بەبێ ئەوی تریان بکرێت[2] .

ئەمەو لە کاتێکدا ناسنامەی ڕۆشنبیری هەر نەتەوەیەك کە زمان لەپاڵ ئایین و ڕە چەڵەك و چوار چێوەی جوگرافی یا پێک یدەهێنێ، یەکێ کە لە پێکها تە چالاکەکانی نا سنامەی ڕۆ شنبیری، بۆ یە پارا ستنی ز مان پارا ستنی نا سنامەی ڕۆشنبیری نەتەوەیە، کە زمان لە سەرووی هەموو پێکها تەکانی ترەوە ئا ماژەی پ ێدەکرێت، ئە مەش دەگەڕێ تەوە بۆ بایەخی لە ڕادەبەدەری زمان لە نێو ئەم پێکهاتانەدا، ناسنامەی ڕۆشنبیری هەر نەتەوەیەك دوو ئەرکی بنەڕەتی ئەنجام دەدات[3] .

یەکەمیان: وەکو دەستاڕ وایە لەوەی هەستی ئینتیمای هاو بەش دەبەخ شێتە ئەندا مەکانی، لە بواری چێکردنی بیروباوەڕی بەشداریکردن لە پاشماوە ڕۆشنبیرەکان بە گشتی.

دووەمیان: ناسنامەی ڕۆشنبیری وەکو پاڵاوتەیەك کار دەکات، بە دوورخستنەوەی ئەوانەی ئینتیمایان بۆی نی یە و جیاکردنەوەیان لە کۆمەڵدا، واتە ئامرازێکە بۆ جیاکردنەوەی ئەوانەی ئینتیمایان هەیە و ئەوانەی ئینتیمایان نییە.

بۆیە چەکی مانەوە وبەردەوامی پاراستنی زمان مامەڵە کردنێکی هۆشیارانەیە لەگەڵ زماندا و بەرگری یە لە خودی خۆی و نیشتمان و ناسنامەو نەتەوەکەی، هەروەها بایەخە سەرەکییەکەی زمان لەوەدایە کە نیشانەیەکی جیا کەرەوەی ناسنامەیە، ئەو زمانەی دەبێتە زمانی فەرمی لە کارو باری دەوڵەت و دام و دەزگا کانی و خوێ ندن و لە ناوە ندەکانی ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێت.

## بەشی دووەم

# زمانی دایك لە نێوان ئایین و ئەدەبدا

### باسی یەکەم: زمانی دایك و ئایین

---

١ فلوريان كولماس، دليل السوسيولسانيات، ص ٦٩٧

٢ سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣٨

٣ دونی كوش، مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية، ترجمة /د.قاسم المقداد، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٢، ص٩٦-٩٧

**زمانەکە بوون بە مرۆڤ**

**دەبەخشێت و لەوانی دی جیادەکاتەوە**

ئایین وەك سەرچاوەیەکی پتەو و باوەڕ پێکراو بایەخێکی شیاوی بە زمان داوە. لە (تەورات)دا هاتووە کە سەرەتا هەموو زەوی یەك زمانیان هەبووە, بەڵام زۆر زمانی لە ئاکامی سزای خوداوەند سەریهەڵداوە, ئەمەش وایکردووە بە هۆی نزیکی و هاوبەشی لە دەنگ و وشە خێزانی زمانی دروست بن, کە لە هەریەك لەم خێزانانە چەندین لق و پۆپی لێ بۆتەوە, وەك لە زمانی سامییەکانی دایك زمانەکانی عەرەبی و عیبری و سریانی.... تاد، لە خێزانی هیندۆ ئەورووپی, هیندۆئێرانی کە زمانەکانی کوردی, فارسی.....تاد، لێ دەبێتەوە, تەنانەت ئەو زمانانەی لە یەك سەرچاوە شەوە سەریانهەڵداوە, لە هەمەجۆر و ئاڵۆزییەوە بەرەو سادەیی و تێگەیشتنی زیاتر و ڕێکخستن دەڕوات. ئەم یەکزمانیەی کە لە (تەورات)دا ئاماژەی بۆ کراوە کە مرۆڤ ویستویەتی بورجێکی هێندە بەرز دروست بکات سەرەکەی بگاتە ئاسمان. ئەم کارە خوداوەندی توورە کردووە و وای لێ کردوون زمانیان هەمەجۆر و لە سەر زەوی بڵاوەیان پێ بکات[1].

لە قورئانی پیرۆزیشدا کە ئاماژە بە حەزرەتی ئادەم دەکرێت: (وعلم آدم الأسماء كلها..........) (سورەتی البقرة، ئایەتی١٣) بەڵام زمانی حەزرەتی ئادەم دیارینەکراوە, هەرچەندە لە ئایینی یەهودی و مەسیحی ئاماژە بەوە کراوە کە کاتێ خودا ئادەمی دروست کرد، لە هەمان کاتدا بە زمانی خۆی لەگەڵیدا دواو ئەویش بە زمانی خۆی وەڵامی دایەوە، بەڵام جۆری زمانەکە دەستنیشاننەکراوە.

تەنانەت کەشتییەکەی نووح (د.خ) کە چەندین خەڵکی بەرەو کەناری ئاشتی بردووە, باس لە زمانیان نەکراوە, لە قورئاندا (لسان) هاتووە نەك (لغة) لە بەرئەوەی خودا ئاماژە بەوە دەکات کە خەڵکان هەمەجۆر و هەمەڕەنگن و نەتەوە و هۆزی جۆراوجورن, هەموویان بە یەك زمان قسە ناکەن, لەگەڵ ئەوەشدا زمانی دایك و زمانی خەڵکانی تری جیاواز دەبێ ڕێزییان لێ بگیرێت.

لە ئایەتی (٤)ی سورەتی (ئیبراهیم) داهاتووە:(وما ارسلنا من رسول الا بلسان قومه) واتە فرە زمانی لە قورئاندا هەیە, هەرچەندە (لویس جان کالفی) نووسەری کتێبی (حرب اللغات والسياسات اللغوية) پێی وایە: لێکچوون لە نێوان تەورات و قورئان لە ئەسڵی یەك زمانیدا هەیە بەوەی (ان الله خلق العالم وسماه) لە بنەڕەتدا یەك زمان هەبووە ئەویش عەرەبی, کە زمانی خوا و زمانی ئادەم و زمانی بەهەشتە[2]بەڵام مسوڵمانەکان هەرگیز ئاماژە بەوە ناکەن و بەم شێوەیە لە خودا نادوێن, بەڵکو دەڵێن (قسەی خودا), زمانی خوا زمانی هەمووانە نەك زمانی عەرەبی زمانی خودا بێت چونکە

---

١ الكتاب المقدس، سفر التكوين، الاصحاح، الايات ١–٩.

٢ لويس جان كالفي، حرب اللغات والسياسات اللغوية، ص٢٠.

خوا دەفەرمووێ (أدعوني استجب لكم) بە بێ ئەوەی زمانی دوعاو ئاخاوتن لەگەڵیدا دەستنیشان بکات، ئە مە خۆی لە خۆیدا بە واتای فرەزمانی و دوعاکردن و هانابرد نە بەرخوا هەر یەك بە زمانی خۆی دێت، زمانی عەرەبی زمانی پێغەمبەرە (د.خ)، بەڵام لە گێڕانەوەیەکی دانراو بە مەبەستی شانازیکردن و بەکارهێنانی بەپێی مەبەستێکی دیاریکراو، کە جێگەی گومان و تێڕوانینە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە عەرە بە بیرتە سکەکان کردوویانە تە درووشمێك بە بێ هیچ بنەمایەك کە بە زاری (ابن عباس)دا هاتووە کە گوایا پێغەمبەر (د.خ)فەرمووەیەتی ((أحبوا العرب لثلاث: لأني عربي، والقرآن عربي، وكلام أهل الجنة عربي)، کەچی ئاماژەی بە زمانی خودا نەکردووە ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە ئەم فەرموودەیە لاوازە و دانراوەو لەگەڵ لۆژیکی زمان ناگونجێ، هەروەها هە مەجۆری زمانی لە قورئا ندا هەروەك هاتووە ((ومن آياته خلق السماوات والأرض واختلاف ألسنتكم وألوانكم)).[1]سزا نییە وەك لە (تەورات)دا ئاماژەی بۆ کراوە و زانا مسوڵمانەکان ئاماژەیان بەوە کردوە کە لەوانەیە یەزدان هەموو زمانەکانی بە (ئادەم) بەخشیبێت.[2] چونکە قورئان هەر لە سەرەتاوە زمانی بەرپرس کردووە بۆ هەڵسووڕاندنی بوون، خولقێنراو بە هۆی زمان هاتۆتە بوون، گەردوون بە زمان درووستبووە ((**انما أمره اذا أراد شيئا أن يقول له كن فيكون**)) (سورەتی یس، ئایەتی ٨٢) دواتر جیهان گشتی بەدەقێکی ئامادەو گشتگیری پێش خۆی کە ئەویش (اللوح المحفوظ)ە بنیاد نراوە، کاتێ زمان دەکەوێتە نێوان خولقێنەرو خولقێنراو، ئەوا ماوەیەك هەیە کە پێویستە بخرێتە نا و بنیادی تێگەیشتن.

جالینوس و یۆنانیەکانیش لایان وا بووە کە زمانەکان جگە لە زمانی یۆنانی، یان بە حەپەی سەگ دە چێ، یان بە (نەقیق) دەنگی بۆق ئەمەش نەزانیەکی فراوا نە، چونکە هەرکە سێك گوێی لە زمانێکی تر دە بێ و تێینا گات دە شێ لێکچواندنێك بدۆزێتەوە[3]*.

شاعیرانی کورد لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە ویستوویانە بیسەلمێنن کە زمانی کوردیش دە شێ باسی قورئان و ستایشی خودا و پێغەمبەرانی پێ بکرێت، بۆ ئەوەی هاوسەنگییەك لەو بابەتا نە لە گەڵ زمانی تر بە تایبەتی زمانی عەرەبی کە زمانی ڕەسەنی ئایینی ئیسلام و کتێبەکەی قورئانە درووست بکات.

بۆیە (ڕەشاد موفتی) لە (مەولوودنامە) ەکەی دەڵێت:

**تا نەڵێن کوردی نییە مەدحی نەبی**

---

١ قورئانی پیروز, سورەتی (روم) ئایەتی (٢٢).

٢ ابو محمد علی بن احمد بن ، الاحکام فی اصول الاحکام, ج١, دار الفکر, بیروت, ١٩٩٧, ص٣٠.

٣ سەرچاوەی پێشوو ل ٣١ .

* بۆ نموونە کورد کە لە زمانێك، یان شتێك تێنەگات دەڵێ ((دەڵێی گوێزی دەژمێرێ)) یان (دەڵێی گوێزی هەورامانە).

**من وەهام نووسی کە کەس قسەی نەبی**

یا حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

**مەعلوومە بۆ چی (حاجی) مەدحت دەکا بە کوردی**

**تا کەس نەڵێ: بە کوردی نەکراوە مەدحی باری** [1]

(قانع)لە ژێر تارمایی بەیتەکەی حاجی قادر دا دەڵێت:

**قانع بە زمانی کوردی، مەدحی خوای ئەنووسی**

**تا کەس نەڵێ بە کوردی نەکراوە وەسفی وەهاب**[2]

تەنانەت قانع (تەلقین)یشی بە کوردی نووسیوە و دەڵێ:

**کوردە من ئەمرم دینم کوردییە**

**.......... نیم، ژینم کوردییە**

....................

**با بە کوردی بێ دەنگی یاسینم**

**با سارێژ ببێ، پەترۆی برینم**

**ئەگەر مەڕنەمووک * بێتە سەرینم**

**بە زمانی.......... بکا تەلقینم**

**ئەگەر بە کوردی بپرسێ لە دین**

**جوابی ئەدەمۆ بە زمانی شیرین**[3]

چونکە کورد جگە لە زمان هیچ هۆکارێکی دیکەی کولتووری ( ئایین) یان بایەلۆجی (ڕەنگی پێست و فۆرمی ڕوخسار) لەو نەتەوانەی جیای ناکاتەوە کە چی زمان دەشێت بۆ هەندێك گەل و نەتەوەی تر بەو جۆرە نەبێت، بەڵکو

---

١ دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ١٠٤

٢ دیوانی قانع ل ٧٨

* مەڕنەمووك ئەو فرشتەیەی دێتە سەر گۆڕ بۆ پرسیار کردن لە مردوو.

٣ سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥٤–٤٥٥

زمان تەنیا توخمێکی کولتووری بێ، لە جیاتییان هۆکارێکی دیکەی کولتووری (ئایین، مەزهەب)، یان ڕابردووی مێژوویی ئەو ڕۆڵە بنەڕەتییەی لە پێکهێنانی پێناسە و چارەنووسی نەتەوەکەدا هەبێت [1].

هێزی زمان لەگەڵ هێزی ئەو میللەتەدا کە قسەی پێدەکات هاوسەنگە و سەر چاوەی هێزیش دە سەڵات و ئایینە، چونکە ئایین لە سەردەمە کۆنەکان کەلەپوور و فەرهەنگی بە شێوەیەکی گشتی لە خۆ دەگرت[2].

تەنانەت قسەیەك لەسەر سووککردنی زمانەکەی خۆمان بە فارسی دەیانگوتەوە و نەفامانی کورد دە یان جووەوە: (فارسی شەکرە و عەرەبی زمانی پێغەمبەرە و تورکی فەزیلەیە و کوردی ڕەزیلەیە)[3].

لە نێو ئایینە ئاسمانی و ئایینەکانی سەر زەویدا بە هیچ شێوەیەك بە کەم مامەڵە لەگەڵ زمانەکاندا نەکراوە، بەڵام مرۆڤ بە هۆی کەمی، یان نەبووی هۆشیاری بەم شێوەیە سەرنج لە زمانەکان دەدات لە کاتێکدا ((مەسەلەی دەسگرتن بە زمانەوە وەك بابەتی ئایین و ڕەگەز نییە کە بەرنامە یەکی ئا یدیۆلۆژیی و فیکری دە توانێ بیانورووژێنێ و گروو پەکان پەرت و بڵاو بکات، با بەتی زمان با بەتێکی کولتووریيە، بەڵام ئە گەر تێگەیشتنی قووڵی سیا سی و ئەنسرۆپۆلۆجیی ژیرانەی لە پشتەوە نەبێ، لە هەردوو کا تەگۆری ئایین و ڕە گە ز مەترسیدارترە، چونکە لێرەدا زمان و مە سەلەی باڵادە ستیی ئەدەب و زمانی نوو سین وکولتووری ئەو ناو چەیە دەنەخشێنێ، زمان ئاوێنەیە کە بۆ شانازیکردن بە ڕابردووی جڤاکەکانەوە))[4]. (ماچۆ) کە هێمایە بە زمانی هەورامی و شانازی بە هەورامی بوون و زمانەکەیان دەکەن، هەر لەم بارەیەوە(سەید فەوزی)دەڵێت:

**لەوز عەرەبیمان گێڵا نە دەوران**

**کەردمان کەلام وەلەوز گۆران**

واتە زمانی عەرەبی لەلای ئێمە و لە دەورانی ئێمەدا وەرگەڕاو نەما وکەلام و ئاخاوتنمان بە زمانی گۆرانی دەستپێکرد، لێرەدا مانایەکی قووڵتر ئەدا کە زمان یەکێك لە هێماکانە بۆ ئایین، چونکە هێزی مانەوەی زمانێك ئەوە یە هێزێکی ئایینی یان سیاسی لە پشتەوە بێت[5].

---

١ دکتۆر ڕەفیق سابیر، بە ستاندارد کردنی زمانی کوردی و ئەلف و بێی کوردی، ل ١٠.

٢ مەسعوود محەمەد، زمانی کورد، ل ١٨.

٣ سەرچاوەی پێشوو ل ٦٠. مەسعوود محەمەد زیرەکانە کوردی بە ڕەزیلە داناوە چونکە لە ئە سڵدا وەسفێکی زۆر نالەبار و نەشیاویان بۆ زمانی کوردی داناوە.

٤ کامیار سابیر، ئەنسرۆپۆلۆجیای زمانی کوردی، ل٢٢.

٥ نامق هەورامی، تێکستی ژنان لە دەفتەرەکانی یارساندا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١١، ل٣٧

بۆیە ئایینەکان جەخت لەسەر بایەخی زمانەکان دەکەنەوە و هیچ زمانێکیان پەسەندتر نەکردووە بە سەر زمانێکی تردا جگە لە بەستنەوەیان بە زمانی دایك و پارێزگاریکردنی بە هەر چی شێوازێك بێت ئەمە لە لایە کەوەو لەلا یەکی ترەوە کەرەستەی هەموو زمانەکان یەکن و تەنها بە هۆی گرنگی دان و خزمەتکردن زیاتر پەرەدەستێنن و گەشە دەکەن و پانتایی بڵاوکردنەوەیان فراوانتر دەبێ، لە پاڵ بوونی هێزێکی باڵادەست ئینجا ئەم هێزە چ هێزی ئایینی، یان سیا سی بێت، یان هەر یارمەتیدان و سروشتی خودی زمانەکە بێت لە ناوەوەدا.

**باسی دووەم: زمانی دایك و شیعر**

"مرۆڤ نیشتەجێی زمانە، نەك وڵات"

**(ئێمیل سیۆران)**

شاعیرانی کورد بە پێی ئەو پلەوپایەی, کە دەیانخاتە نێو چینی ڕۆشنبیرانەوە و هەمیشە هەڵوێستیان بەرامبەر بە دیاردە و بابەتەکاندا وەرگرتووە, بوێرانە بیروباوەڕەکانیان خستۆتە قاڵبی شیعر، چونکە هەموو سەرچاوەکانیان لەو دێرانەدا بووە, کە بەرپرسانە نووسیویانە, (زمان)یش لە سەرووی هەموو ئەو بابە تەدا بووە, کە بیری شاعیری چالاك کردووە و هەستی بەرپرسیارێتی پێیان بەخشیوە, بە تایبەتی کە زمانی یەکەمی شاعیران بووە و (( شیعری کلا سیکی کوردی (سەروو) گۆران (هەورامی), کوردی خواروو), کە نووسراون هێشتا گرنگترین میراتی ئەدەبی و جوانترین سامانی ئەدەبی و زمانیی کوردن,زمانی کوردی بۆ یەکەمین جار لە ڕێی ئەم شیعرانەوە لە زمانی پەیڤین و قسەکردنەوە گۆڕدرا بە زمانی نووسین، ئەم گۆڕانە گەورەیە کە نیشانەی خۆنا سینی نە تەوەیی و شانازیکردنە بە زمانی نەتەوەییە یەوە))[1] هێڵێکی سەرەکی لە بەرهەمەکانیاندا دروستکرد, کە زۆر جار شاعیر پا ساوی هێناوە تە تا بیسەلمێنێ, کە نە تەوەی کوردیش وەك هەر نەتەوەیەکی تر خاوەن زمان و کولتوور و سەرمایەی ڕۆشنبیری خۆ یەتی.ـ ئەوەتا ئە حمەدی خانی (١٦٥٠ / ١٧٠٧) باس لەوە دەکات, کە بۆچی شاکارەکەی (مەم و زین) بە کوردی, نەك بە عەرەبی یا فارسی, کە زمانی باوی ئەو سەردەمە بوون, نووسیوە[2]:

**داخەلق نەبێژن کو ئەکراد**

**بێ مەعریفەتن, بێ ئەسڵ و بونیاد**

**ئەنواعی میللەت خودان کتێبن**

**کرمانج تەنێ دبێ حسێبن......**

(خانی) دەیەوێ لە ڕێگەی زمانەکەیەوە هەموو دەرگای سکاڵا و گلەییەکان دا بخات و چیتر خەڵکی بە پرسیاری نابەجێ بەرۆکی کورد نەگرن, مەحوی (١٨٣٧/١٩٠٦) هەمان ئەو پرسیارانە بەرۆکی گرتوون, بەڵام ( مەحوی) وە کو شاعیرێکی هۆشیار بەرامبەر زمانەکەی دەڵێ:

**. کوردی زوبانی ئەصلمە گەر تەرکی کەم بە کول**

---

١ ڕەفیق سابیر, بەستاندارد کردنی زمانی کوردی و ئەلف و بێی کوردی, چ١, دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, سلێمانی, ٢٠٠٨, ل١١٥ ئاماژەی بەمەش داوە کە زور نە تەوەی تریش (فارسی, ئیتالی, هەنگاری، ئۆکراینی...... تاد.) سەرەتا بە شیعر دەستیپێکردووە.

٢ هەمان سەرچاوە، ل٧٢-٧٣.

**بۆ فارسی, بە کوللی ئەمن دەبمە بیٚ وەفا**

**دووری مەبینە تۆ لە کەریمی بەهانەجۆ**

**هەرچی کە کوردە پاکی ببەخشیٚ بە (بوالوفا)**[1]

شانازیکردنی شاعیر بە زمانی دایك و دانانی بە زمانی ئەسڵ یەکێکە لەو ڕێڕەوانەی کە شاعیرانی کلاسیك گرتبویانەبەر, هەرچەندە مۆدێلی کلاسیك زمانی تێکەڵ بووە, شاعیر خۆیشی نازناوی (بیٚ وەفا) دەبەخشێتە خۆی ئەگەر لە حاڵەتێکدا ناپاکی لەگەڵ زمانەکەیدا بکات, کەنەیکردووە, ((بەیتەکە نیشانەیەکی ئاشکرای هەستی کوردایەتی مەحوی و شانازی کردنیەتی بە زوبان و کە لەپوری میلـلی نەتەوەکەی))[2] لای وایە وەك وەفا یەك دەبێت بە کوردیش شیعر بڵیٚ, مەلای جزیری (١٥٦٧– ١٦٤٠)یش بەراوردێکی ورد و جوان لە نێوان ئەو شیعرانەی خۆی بە کوردی وتویەتی و شیعری ئەو شاعیرانەی فارسی زمانن دەکات و بە هەمان بەرپرسیارێتی (مەحوی) کوردییەکە بەرزتر دەکاتەوە کاتیٚ دەڵیٚ:

**گەر لوئلوئی مەنثور* ژ نەظمی تە دخازی**

**وەر شیعری (مەلیٚ) ببین, تە ب شیراز چ حاجەت**[3]

تۆکە کوردیت هەبێت چەشنی مرواری بێت, ئیتر کارت بە سەر شیراز و شاعیرانی و فارسیەوە چییە؟ ئەمە ئەو پەڕی کوردپەروەری مەلای جزیری دەنوێنێت، لەپاڵ شانازیکردن بە کوردبوونی خۆیەوە.

نالی (١٨٠٠/ ١٨٧٣)ی شاعیریش هەرچەندە شانازی بەو دیوانانەی دەکات کە بە زمانەکانی فارسی و کوردی و عەرەبی نووسیویەتی و دەڵیٚ:

**فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بەدەفتەر گرتووە**

**(نالی) ئەمڕۆ حاکمی سیٚ مولکە دیوانی هەیە.......**[1]

---

١دیوانی مەحوی, لێکدانەوە و لێکۆلینەوەی مەلا عبدالکەریمی مدرس, چاپخانەی ئوفیستی حیسام، چ٢, ١٩٨٤,ل١١ مەبەست لە (بوالوفا) پێغەمبەر (د.خ) دوریش نییە ئیشارەتێکی تێدا بیٚ بۆ (بوالوفا)ی کوڕی شێخی سیراجەددینی تەویلە کە (مەحوی) خۆی خەلیفەی شێخی سیراجەدین بووە لە بەر ئەوەی کە کوردە و یەکێکە لە خاسانی خوا و ئەولیاکانی .

٢دیونی مەحوی، لیکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکەریمی مدرس, ل١١.

*اللؤلؤ المنثور لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: (و یطوف علیهم ولدان مخلدون اذا رایتهم حسبتهم لؤلؤاً منثوراً) سورة الانسان, ئایەتی١٩.

٣ دیونی مەلای جزیری, هەژار شەرحی کردووە, تهران، چ١, ١٣٦١, ل١٢٨.شیراز کە شاری سەعدی و حافظ و چەندین شاعیری ترە, رەمزە بۆ لوتکەی ئەدەبیاتی فارسی.

که سەرەتا (فارسی) هێناوەتەوە و دواتر (کوردی)، ئینجا ( عەرەبی) وا تە فار سی و عەرەبیە کەی هاو تای زمانی ئەسڵی و یەکەمیەتی, کە کوردییە زمانی ئەدەب و توانای شیعر وتنی بەم زمانانە هەیە و دەڵێ: (( من ئەمڕۆ دە سەڵاتم بە سەر ئەم سێ زمانەدا دەشکێ و شیعرم بە هەر سێ زمانەکە خستۆتە دەفتەری خۆ مەوە و د یوانی شیعرم بەم سێ زمانە هەیە))[2] ئینجا لەو هاوتا کردنە وەوە دەگەڕێتەوە بۆ زمانی یەکەمی و بە شەکری دادەنێی لە ڕووی شیرینیەوە, ئەمەش وەفای (نالی) چەشنی (مەحوی) بۆ زمانەکەی نیشان دەدات و دەڵێ:

**. طەبعی شەککەر باری من, کوردی ئەگەر ئینشا دەکا**
**ئیمتیحانی خۆیە مەقصودی, لە (عمدا) وادەکا**
**یا لە مەیدانی فەساحەتدا بە میسلی شەهسوار**
**بێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا**
**کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە**
**هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا..........**

**(دیوانی نالی،ل١٠٦– ١٠٧)**

(نالی) مەسەلەی تاوتوێکردن و گوێگرتن لەو خەڵکانەی گلەیی ئاراستەی دە کەن بڕیو تەوە بە هۆی ( کەس نەڵێ) واتە هیچ کەس بۆی نییە دەرگای ئەم جۆرە تاوتوێکردنە بکاتەوە, بۆیە بەو جۆرە کەسانە دەڵێ: ((زەوقی شیرینی من, بەلای ئەوەدا دەچێ بە کوردی شیعر بڵێ, لە بەر ئەوە نی یە کە کوردییە کە ئا سانە و دە سەڵاتی بە سەر عەرەبی و فارسیدا ناشکێ, بەڵکو لە بەر ئەوەیە ئەیەوێ خۆی تاقی بکاتەوە, بزانێ شتێکی تازەی لە دەست دێ لەمەوپێش کەس نەیکردبێ کە شیعر و قسە لە سەر عەرووزی عەرەبی بە زمانی کوردی)).[3]

صافی (١٨٧٣/١٩٤٢) لە شیعرێکدا کە لە (٩) بەیت پێکهاتووە و تێکەڵەیە کە لە زما نەکانی ( کوردی, عەرەبی, فارسی, تورکی) و لە بەیتی کۆتاییدا وەکو (مەحوی) دەڵێ:

**. خۆی کوردییە (صافی) لە هەوای عیشقی تۆ ئێستێ**
**کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی بووە ئەشعار..........**

**(دیوانی صافی, ل١٦٥)**

---

١ دیوانی نالی، لێکوڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبد الکەریمی مدرس، چاپخانەی کۆڕی زانیاری بە غدا، ١٩٧٦، ل٥٧٧.

٢ هەمان سەرچاوە, ل٥٧٨

٣ دیوانی نالی, ل١٠٧

شاعیر یەکسەر ناسنامەی خۆی دەردەخات کە کوردە, ئینجا پاساو بۆ ئەوە دەهێنێتەوە کە بە چەند زمانی تر دەتوانێ شیعر بنووسی و (خۆی کە کوردە, بەڵام کە دەبینی عەرەبی و فارسی و کوردی و تورکی شیعر دەڵێ ئەوە سەرگەردانی عەشقی تۆیە کە هێندە سەوداسەر بووە بەم زمانانە شیعر دەڵێت سەرەڕای زمانی خۆیشی کە زمانی کوردییە).[١]

هەژار (١٩٢٠/١٩٩١) هەرچەندە زمانی عەرەبی و فارسی باش زانیوە و وەرگێڕانی لەو زمانانەوە ئەنجامداوە, بەڵام لە دێڕێکدا دەڵێت:

**عاشقی کوردستانم گێلمە گێلمەی نازانم**

**نە فارسم و نە عەرەو تێ ناگەم ئیمشی و برەو**[٢]

(هەژار) یش بۆ نیشاندان و بە هەند ڕاگرتنی ئەم ناسنامەیەی ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە جگە لە کوردی بە زمانی تر شیعر بنووسێت.

جەخت کردنەوە لە سەر زمانی دایك و شانازیکردن بەو زمانەو بەرز ڕاگرتن و پاراستنی, لە لایەن شاعیرانی کوردەوە لە ناخەوە بەرگری لێکراوە و پارێزراوە.

شێخ سەلام (١٨٩٢/١٩٥٩) لە کۆتایی شیعری (بە یادی گیانی پاك و خاوێن و بەرز.......... سالم صاحیبقران) کە لە ساڵی (١٩٥١) نوسیویەتی و دەڵێ:

**. هەرکەسێ ئەمڕۆ ئەبینی وا بە خوێنی قەومی کورد**

**ڕەنگی خۆی لێ سوور ئەکات و خاوەنی ناوە و نیشان**

**من بە کوردی پێت ئەڵێم و تۆ ئەبێ باوەڕ بکەی**

**دوژمنی قەومی نەجیبت**[3]........................

شاعیر شانازی بە زمانی کوردی دەکات و لای وایە کە دەبێت ئەم زمانە ببێتە جێگای باوەڕی بەرامبەر و چیتر بە سووکی لێی نەڕوانن. کاتێ (دڵدار) (١٩١٨/١٩٤٨)یش هاوار بە سەر ڕەقیب دا دەکات و دەڵێ:

**. ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زوبان**.......[١]

---

١ دیوانی صافی, لێکوڵینەوە و ساغکردنەوەی/ محەمەدی مەلا مستەفای هیرانی, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤, ل١٦٥.

٢ بۆ کوردستان, هەژار, انتشارات هەژار, چ٦, ١٣٨٥, ل١٨

3 دیوانی سەلام, ئامادەکردن و پێداچونەوە و پێشەکی بۆ نووسین, ئومید کاکە ڕەش, چ٢, چاپخانەی الحوادث, بەغدا, ١٩٩٠,ل١٨٤

چەکی بە هێزی مانەوەی کورد و پتەو بوونی بەهۆی زمانەکەیەوە پەیوەست دەکات و بەردەوامی هەمیشەیی پێ دەبەخشێت.

حاجی قادری کۆیی (١٨١٦– ١٨٩٧) بە خەمخۆری سەرەکی زمانی کوردی دادەنرێت, چونکە لە چەندین دەقی شیعری (حاجی) دا ئەم مەسەلە گرنگە کە زمانە تاوتوێکراوە، تەنانەت (حاجی قادر) لە شیعرێکدا دەڵێ:

**ئەگەر کوردێك قسەی بابی نەزانی**

**موحەققەق داکی حیزە، بابی زانی***

........................

**وەرە با بۆت بکەم باسی پەنهانی**

**تەفەننون خۆشە گەر چاکی بزانی**

**سەلاحەددین و نورەدینی کوردی**

**عەزیزانی جزیرە و مووش و ووانی**

........................

**ئەمانە پاکیان کوردن نیهایەت**

**لە بەر بێ دەفتەری ون بوون و فانی**

**کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز**

**بە کوردی گەر بنوسرایە زوبانی**

**مەلا و شێخ و میرو پادشامان**

**هەتا مەحشەر دەما ناونیشانی**.........[٢]

هەموو ڕەگەز و بایەخ و گرنگییەکانی زمانی دایك لەم دەقەی (حاجی) دا دەخوێنیتەوە, (حاجی) حەیف بۆ هەموو ئەو کاتانە دەخوات, کە زمانی کوردی بە هۆی بارودۆخی گشتی ئەم زمانە و ژینگەکەی نەیتوانیوە بە ڕێڕەوی

---

١ دیوانی دلدار, شاعیری شۆڕشگێری کورد, عبدالخالق علاءالدین,دار افاق العربیة، بەغدا, ١٩٨٣, ل١٧٤.

*شاعیرێکی کورد لە ژێر کاریگەری ئەم بەیتەی (حاجی قادر کۆیی) دا دەڵێ: لە کوردی حەزنەکا کوردی مەڵێ چییە و مەڵێ چۆنە لە دایکی بپرسە ئەم بێچوەی لە کوێ هێنا.

١ دیوانی حاجی قادری کۆیی, لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی، کەریم شارەزا و سەردار حمید میران, ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری ولاوانی ناوچەی کوردستان,١٩٨٦,ل١٤٦

ڕاستەقینەی خۆی بڕوات, دەقە کەی ئارا ستەی هەموو ئەو کە سانە کردووە, کە بەرام بەر زمانە کەیان هە ستیان بە بەرپرسیارێتی کردووە, لە کاتێکدا هاواری (حاجی) بۆ ئەم جۆرە کەسانە تا ئێستا بەردەوامی هەیە.

هێمن (١٩٢١/١٩٨٦)ی شاعیر لە شیعری (دە سکەوتی خەبات) دا ستایشی ( حاجی قادری کۆیی) دە کات, بە تایبەتی کە وەکو تێهەڵکێشێك بەیتی یەکەمی هێناوەتەوە بەم شێوەیە وەسفی دەکات:

**بەنرخە, تازەیە, بەرزە, بەهێزە**

**ئەوەی فەرمووت لە بارەی پیاوی دێزە**

**ئەگەر کوردێك قسەی بابی نەزانی**

**موحەقەق داکی حیزە, بابی زانی**[1]

چوار وە سفی پ تەوی بە چەمکی بەیتە کەی ( حاجی) کە دەروازەی شیعرەکەیەتی, بەخ شیوە, دڵ‌ نیام ئە گەر دێرەکەی (هێمن) توانای درێژکردنەوەی زیاتری هەبوایە هەموو وەسفە بەرز و درەوشاوەکانی بە هۆی سەر سام بوونی بەم بەیتە بە تایبەتی و دەقەکە بە گشتی دەبەخشی, خەونەکانی (حاجی) زۆر گەورەو مەزن بوون, هەمیشە خەونێك لە کاتی هۆشیاری و خەواڵوویی و خەوتندا بەرۆکی دەگرت و لێی نەدەبۆوە, ئەویش خەونی یەك زمانی و پارا ستنی بوو, دەڵێ:

**. چ بە مەنثور و گەوهەری کوردی**

**چ بە نەظم و کیتابەتی ووردی**

........................

**بۆ تەصحیەی زوبانی کوردانە**

**شیعرەکانم دەلیل و بورهانە............ (دیوانی حاجی قادر, ل٢١٧)**

..........................

**ئەمە هەر کوردە لایقی تەحسین**

**بێ کتێب و مەعەلیم و نووسین..........(دیوانی حاجی, ل٢٢٦)**

**ببینە یەك لە تەعلیم و لە نووسین**

**جل و بەرگ و زوبان و ڕەسم و ئایین............(دیوانی حاجی, ل٢٣٣)**

---

١ تاریك و روون, هێمن, ؟, ١٩٧٤,ل٢٩٥.

یەك زمانی, زمانی ستاندارد کە هەموو کورد کۆ بکاتەوە و جیاوازی نەهێڵێت و ئەم زمانە ببێتە جێگەی شانازی و پێشخستنی کۆمەڵگا, لە نێو دێرەکانی (حاجی)دا بەدی دەکرێن و لە چاوەڕوانی ئەم کاتەدان کە بە دیبێن ( حاجی) لە شیعری (کوردەکی کۆیی) دا دەمەتەقێیەکی زۆر لەگەڵ کوردێك دەکات, کە زۆر قسەی نابەجێ بەرامبەر زمانی کوردی دەکات و بەمە (حاجی) نیگەران و توڕە دەکات.

دەڵێ:

**کوردەکی کۆیی کەوتەوە یادم**

**پێم گۆت: ئایا چلۆنە ئوستادم**

..............................

**کەس نەماوە بە غەیری کاکە ئەحمەد**

**شەیخی مەعروف و عالمی ئەرشەد**

**چاکە ئێستا دەکا لە بۆ کوردان**

**تەرجەمەی شەرع و ئایەتی قورئان**

**واقیعەن خزمەتی لە بۆ خوایە**

**چ دەبوو گەر بە کوردی نەبوایە**

**هەر کە وای گۆت: وەها موکەدەر بووم**

**وام دەزانی کەوا لە دینی دەرچووم**

**گوتم ئێستاش لە سەرکەری ماوی**

**چابوو مستم نەدا لە نێو چاوی**

**. کوردی ئاخر بڵێ چی یە عەیبی**

**هەر کەلامی هەقە نی یە عەیبی**

**لەفزی کوردی بڵاو نەبوو گرد بوو**

**وا لە مابەینی ئێمەدا تێ چوو**

**لە فەصاحەت بڵا مەعەڕرا بێ**

**چ قیامەت! بە ئەرمەنیش نابێ**

**بە زوبانی کەچ و خەتی خواری**

**بە جەریدە و کتێبی خەڵواری**

**چوونە ڕێزی موعەززەماتی میللەل**

**وەختە خۆیان حیساب بکەن بە دوەل**

**یا لەگەڵ فارسی چ فەرقی هەیە**

**بۆچی ئەو ڕاستە, بۆچی ئەم کەچە**

**یا وجودی ئەگەر بکەی دیققەت**

**تێ دەگەی کام لە کامییە سیرقەت**

**چونکە ئێمە قەدیمترین لە ئەوان**

**بە تەواریخی جوملەیی ئەدیان**

**ئاخر ئەم عەقڵەیان هەبوو, بۆیی**

**گەر سولەیمانی یە وەیا کۆیی**

**بوونە ئوستادی فارسی و تازی**

**تا گەیشتن بە خەمزەکەی ڕازی**[1] *

لە نێو ئەم دەقەی (حاجی) دا هەموو ئەو ئازارانەی زمانی کوردی دەخوێنینەوە کە تاکو ئێستاش پ ێی دەناڵێت و نموونەی ئەو کەسەی (حاجی) گفتوگۆی زمانی کوردی و بایەخی زمانی کوردی لەگە ڵدا دە کات بەردەوامی هە یە, ئەو ئازارانە پاڵیان بە (حاجی) ەوە ناوە زیاتر پێداگیری لە سەر زمانە کەی بـکات و هەموو هە ستەکانی ناوەوە ڕا شکاوانە بخاتە نێو دێرەکانی و ڕاستەوخۆ دەستنیشانی نەخۆشییەکانی نەتەوەکەی بکات, وا تە ( حاجی) دەزا نی نەخۆ شییەکە چییە و چۆن چارەسەر دەکرێت. ئەگەر گوێڕایەڵی (حاجی) بن و واتای دێرەکانی بە هەند وەربگرن.

**– بێگانە بە تەرجەمەی زوبانی**

**ئەسراری کتێبی خەلقی زانی**

**یەکسەر عولەما درشت و ووردی**

**ناخوێننەوە دوو حەرفی کوردی**

---

١ دیوانی حاجی قادر کۆیی, ل٢٣٩, ٢٤٠, ٢٤١.

*عەرەبەکان بە زمانی عەرەبی دەڵێن (تازی) وشەی (تازی) لە هۆزی ( تەی, طائی ) وەرگیراوە, بە طائی دەڵێن تازی و (ڕازی) ش زانایەکی ئیسلام لە پزیشکی و ئایین دا بووە, ئیمام ئەبو بەکری کوڕی محە مەدی ناودار بە (ڕازی) خەڵکی (ڕەی) بووە لە نێوان ساڵانی (٨٦٥–٩٢٥ز) ژیاوە, بڕوانە/ الموسوعة العربية المسيرة,ط٢,القاهرة, ١٩٧٢, ص٨٥٢.

**ئوستادی خەتن لە ئەم سیانە***

**وەك دی لە زوبانی خۆی نەزانە**

...........................

**صاحیب كوتوب و پەیامە هەر كەس**

**ئێمە نەبێ بووینە قەومی چەركەس****

**كاكە ئێمە موئمینین، نەڕوسین**

**بۆچ كفرە زوبانمان بنووسین؟**

**میللەتی بێ كتێب و بێ نووسین**

**غەیری كوردان نیە لە ڕووی زەمین.........(دیوانی حاجی، ل٢٦٢- ٢٦٤)**

ئەو ملكەچییەی كورد بۆ بێگانە و خۆ بەكەم زانین، وەك لە نێو (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بدلیسی باسی لێكراوە، لە نێو دێرەكانی (حاجی)یشدا جەختیان لەسەر كراوەتەوە، زمانی كوردی لە دیدی (هێمن)ی شاعیر لە كاتی گفتوگۆی لەگەڵ كیژێكدا دەڵێ:

*مەبەست لەم (سیانە) شارەزایی كوردە لە خەت و زمانی عەرەبی و فارسی و توركی، تەنیا شارەزاییان لە زمانی خۆیان نیە، ئەمەش واقعێكی كوردییەو سەلمێنراوە.

**چەركەس/ شەركەس: نەتەوەیەكی قەفقاس نشینە، بە هۆی بارودۆخییانەوە زۆربەیان بە ناو وتوركیا و سوریا و ئوردن بڵاوبونەتەوە و كەوتوونەتە ژیانی دەربەدەری بۆیە (حاجی قادر) كوردی پێ تەشبیە كردووە.

**- بەڵێ تۆ كیژی، نازداری، لە باری**

**منیش پیرێكی زورهان و دزێوم**

**بەڵام شیرینترە لەو شەكرە لێوە**

**وشەی كوردی كە هەڵدەڕژێ لە لێوم.............(تاریك و ڕوون، ل١٩٣)**

لە ئاكامی بەراوردا تای تەرازووی (گەنج و پیری) بەلای كچەكەدایە، بەڵام لە ڕووی زمان ئەوا تای تەرازووە كە زۆر بەلای شاعیرەوەیە كە بۆتە مایەی شانازی پێكردن كە بەرامبەر بە گەنجی و شیرینی كچەكە ئەویش وشەی كوردی سەرماكەیەتی و لای بەنرخە، (قانع) (١٨٩٨/١٩٦٥) لە ژێر تارمایی (هێمن) و لە ڕوانگەی هەستی نەتەوایەتی بەرامبەر زمان وەك پارێزەری ناسنامەو تاقە چەكی مانەوەی دەڵێ:

**با بنووسم شیعری كوردی تاكو خەڵكی تێ بگات**

**شیعری کوردی شیرینترە تا شەکر و هەنگوین و نەبات**[1]

یا لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

**– من کە کوردم, با بنووسم دەفتەر و دیوانی کورد**

**تابەڵەد بن ئەو کەسانەی مودەعین میزانی کورد**[2]

ئەمەو لە کاتێکدا (هەژار)ی شاعیر زیاتر لە (هێمن) جەخت لەسەر کوردبوون دەکاتەوەو بەرگێکی کوردی نەک تەنیا بەبەر ژیان دا دەکات، بەڵکو بە بەر گۆڕو زیندووبوو نەوەش دە کات، ئەم تێپەڕاند نە لای ( هەژار) حا ڵەتێکی تاقا نەی دروستکردووەو مایەی سەرنجە کە دەڵێ:

**بەدەربەدەری یا ن لە ماڵی خۆم لە خاکی عەرەب لەئێران و ڕۆم**

**کۆك وپۆشتە بم، ڕووت و ڕەجاڵ بم کۆشکم دەقات بێ، وێرانە ماڵ بم**

**ئازا و ڕزگار بم شادان و خەندان یان زنجیر لە مل لە سووچی زیندان**

.................................. ..................................

**کوردم و لە ڕێی کوردو کوردستان سەر لە پێناوم گیان لەسەر دەستان**

**بە کوردی دەژیم، بە کوردی دەمرم بە کوردی دەیدەم وەرامی قەبرم**

**بە کوردی دیسان زیندوو دەبمەوە لەو دونیاش یۆ کورد هەڵدەچمەوە**

**(بۆ کوردستان، ل١٣)**

شاعیران ئەم گیانی بەرەنگاربوونەوەیە و ئەم هێزەی هەیانە, هەمووی لە خاڵی کۆ کەرەوەی کولتوور و ئایین و بابەتەکانی تردا کە زمانە دەدۆزنەوە,تا گۆران (١٩٠٢– ١٩٦٤) لەو شیعرەی کە لە ساڵی (١٩٦٠) نووسیویەتی, واتە بەر لە (٤) ساڵ پێش مردنی و تێیدا وەك پێشبینی یەك لە نێو دێری شیعرەکەیدا بەرەو یەکزمانی و نموونەی شاعیرە چالاك و دیارەکانی نێو لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبیات کە بە شێوەزاری جیاجیا ئەدەبیاتی کوردییان نەخشاندووە, دووبارە لە بەرگێکی سەردەمیانە خەڵکانێکی لە چەشنی ئەوان باڵا دەبن، بەڵام لەم بەرگە نوێیەیاندا یەك زمان کۆ یان دەکا تەوە و ئەمەش دەبێتە مایەی شادی شاعیر و ئاسودەیی یەکجارەکی, بۆیە دەڵێ:

**ئەوسا بەستەی بێ خەمیمان**

**چ هی پێنووس, چ دەمیمان**

---

١ دیوانی قانیع, کۆکردنەوەی بورهان قانیع, چاپخانەی دالاهۆ, تهران, ١٣٨٥, ل٨٧

٢ دیوانی قانیع، ل١٠٠.

**بەتاقە یەك زاری شیرین**
**شاخ پڕ ئەکا لە پێکەنین**
**ئەوسا (خانی) خانی سەردەم**
**بە زمانێك ئەنووسیَ (مەم)**
**کە پێی ئەدون (نالی) و (مەحوی)**
**وەك (قوبادی) وەك (مەولەوی)**..........[1]

ئەم پێشبینییەی (گۆران) هێشتا کوردی خستۆتە چاوەڕوانی و بەدینەهاتووە, بەڵام دەشیَ لە داهاتوویەکی نزیکدا و بە بڕیارێکی بوێرانە ئەم خەونە دێرینەی سەرجەم شاعیرانی کلاسیکی و نوێی و هاو چەرخ بێتە دی و لە ژێر سایەی زمانێکی یەکگرتوو و ستانداردی کوردی تاوتوێی هەموو بابە تە ئەدەبی و هزری یەکان بکەن, زمان نەك تەنیا لە چوارچێوەی وڵاتدا مایەی خەم و سەرنج و تێڕوانینی شاعیران بووە, بەڵکو لە تاراوگەشدا هەمان خەمی شاعیر بووە و بۆتە ئەو جیهانەی کە خەمەکانی شاعیری لە کۆڵ گرتووە, ئەوەتا (د.رفیق سابیر) دە ڵێ: ((من وەك شاعیرێك, کە هەمیشە و لە سەختترین ڕۆژانی مەنفادا زمانەکەم وڵاتم بووە)).[2]

بۆیە ئەدەبیات یەکیَ بووە لەو خاڵە پڕ بایەخانەی کە کۆڵەکەی زمان بوون و لە کزی و نەمان پاراستویانە و دەیپارێزن، نووسینی ئەدەبیات بە هەر زمانێك بێت، دەبێتە چەترێك بۆ ئەو زمانەو دەیهێڵێتەوەو بەردەوامی پیَ دەبەخشێت، باشترین بەڵگە ئەدەبیاتی کوردییە کە وەکو پاڵپشتێکی پتەوی زمان کاری کردووە.

---

١ دیوانی گۆران, ب١, چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق,١٩٨٠, ل٣١٦.
٢ د. ڕەفیق سابیر, بەستاندارد کردنی زمانی کوردی و ئەلف و بێی کوردی, ل١٠٠.

## بەشی سێیەم

# بایەخدانی نێودەوڵەتی بە زمانی دایك

بایە خدانی نێودەو لەتی  بە ز مانی دا یك بە شێکە  لە پرۆگرا مە  سەرەکییەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان  لە چوارچێوەی کارکردنی پێکەوەیی بۆ پاراستنی کولتووری نەتەوەکان لەسەر ئاستی جیهانیدا. لەو ڕوانگە یەوە نە تەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگای دەزگا سەرەکییەکانیدا هەوڵ و کۆششی  بەردەوام دەدات  بۆ پارێزگاریکردن  لە هە مەڕەنگی ڕۆشنبیری و ئەو هەمەڕەنگیەش وەکو دەوڵەمەندکردنێك بۆ کولتووری نێودەوڵەتی هەژمار دەکرێت.

لەم بەشەدا سەرەتا بە پێویستی دەزانین باس لە چەمکی هەمەڕەنگی ڕۆشنبیری بکەین  لە ڕێگای پێنا سەکردنی ئەم چەمکە، دواتر قسە لەسەر گرنگترین ئەو دۆکیۆمێنتە نێودەوڵەتیانە بکەین کە چوارچێوەیەکی یا سایی دادە نێن  بۆ پاراستنی زمانی دایك وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی لە هەمەڕەنگی ڕۆشنبیریدا، لە کۆ تایی بەشەکە شدا  باس  لەو ئەرکا نە دەکەین کە دەکەوێتە ئەستۆی وڵاتان بۆ کارکردن بەو ستاندارد و پێوەرانەی کە داندراون بۆ پارا ستنی ز مانی دا یك  لە دووتوێی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکاندا، لە کاتێکدا زمانەکان ناوەندێکن  بۆ گوا ستنەوەی  ئەزموون و ژینگەی  هزری و ڕۆ شنبیری و  شێوازەکانی  بە یەکگەی شتنمان لە گەڵ  ئەوانی  تردا و سە ستێمی  بەهاو یا سا کۆمەڵا یەتی و هە ستی ئینتیمابوو نمان  بۆ کۆ مەڵ، وا تە ز مان  بە  تەنیا  ئامرازێکی بەیەکگەی شتن نی یە،  بەڵکو  چنینی  خودی گوزار شتە ڕۆشنبیرییەکان دەنوێنێ، کە  لە ناوەرۆکدا نا سنامەو بەهاو بیروڕای لە  بارەی جیهان  هەڵگرتووە، لە گەڵ ئەوە شدا زمانەکان هەمیشە لە لایەن زمانی سەردەست و دەسەڵاتدار دووچاری پاڵەپەستۆی سیا سی و  ئابووری و کۆمەڵا یەتی و ڕۆشنبیری بوونەتەوەو دەبنەوە.

### باسی یەکەم:  چەمکی هەمەڕەنگی ڕۆشنبیری
(**التعددیة الثقافیة** – Cultural Diversity)

یەکێك لە خاسیەتە جیاکەرەوەکانی جیهانی هاوچەرخی ئەمڕۆ ئەوەیە کە خەڵکانی جیهان بە هێزەوە دە ست  بە ناسنامە نەتەوەیی و ئاینی و ڕەگەزی و زمانی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری خۆیان دەگرن، ئەو ناسنامانە  بۆ  خەڵکانێکی زۆر پەناگەیەکی ئارامە، کە لە ڕوانگەی ئەوان جیهانگەرایی (العو لمة) هەڕە شەیە  بۆ  شێوازی ژیاذ یان و ئا ستی  بژێوی ژیانیان. لە  هەمان کا تدا  خەڵکانێك  هەن تێڕوانینێکی نیاذ یان ( مرن) هە یە  بۆ هە مەڕەنگی ڕۆ شنبیری و  لەنێو  ئەو

هەمەچەشنیەدا بە مافی خۆی دەزانێت کە دەستبەرداری ناسنامەی خۆی بێت و نا سنامەیەکی نویٚ هەڵبژێرێت و ئەو قۆناغەش بۆ ئەو کەسانە بە پرۆسەی دووبارە بونیادنانەوەی ناسنامە دەناسرێت[1].

یەکێك لە دیاردە بڵاوەکانی سەردەمی ئێستا بریتیە لە کاریگەرییەکانی گشت لایەنەکانی جیهانگەرایی (العو لمة – Globalization) بە تایبەتی جووڵانەوەی خەڵك لە زێدی خۆیان بۆ وڵاتانی دیکە بە هۆکاری جیا جیا وەکو ئارەزوو و بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا و دۆزینەوەی کار و ڕزگاربوون لە ململانێکان. بە هەر هۆکارێك بێت، ئەم دیاردە یە ئەگەرچی لایەنی ئەرێی هەیە، بەڵام کاریگەری دەکاتە سەر زمانی دایك، ئەگەر فێربوونی زمانی دیکە سەرباری زمانی دایك مەودای ڕۆشنبیری تاکە کەس زیاد بکات، ئەوا ئەوە سەلمێنراوە کە فێربوونی زمانی دیکە تا ڕادە یەکی زۆر پەیوە ستە بە تێگەیشتن لە زمانی دایك بە شێوەیەکی با شتر[2]، کە لەمڕۆدا هە مەڕەنگی زمانیی یەکێکە لە پێویستییەکانی سەردەم بۆ ناسینی ئەوانی دی(زمانی نەتەوەیی، یان دیالێکتە ناوچەییەکان، یان زمانی نێو دەوڵەتی) کە دەبێتە مایەی کرانەوەی ڕۆشنبیری مرۆڤایەتی لەسەر یەکتر.

**باسی دووەم: ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان و زمانی دایك**

بایە خدان بە ڕۆشنبیری گەلان بە شێوەیەکی گشتی و زمان بە شێوەیەکی تایبەتی یەکێکە لە ئەولەویاتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، سەدەی ڕابردوو و سەرەتای سەدەی بیست و یەك کۆمەڵێك ڕێککەوتننا مەی نێودەوڵەتی بەسترا کە ئەم ڕاستیە دووپات دەکەنەوە کە پاراستنی ڕۆشنبیری گەلان ئەرکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە بە شێوەیەکی گشتی.

لەو چوارچێوەیەدا بە پێویستی دەزانین ئا ماژە بۆ ئەو دە قە یا سایانە بدەین کە پەیوەندیدارن بە با بەتی توێژینەوەکەمان لە نێو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان:

**یەکەم:** ڕێککەوتننامەی پاراستنی کولتووری ڕۆشنبیری نامادی ساڵی (٢٠٠٣):

کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردەو زانست و ڕۆشنبیری (یۆنسکۆ) لە خولی سی و دووەمی خۆی لە پاریس/ فەڕەنسا لە ساڵی (٢٠٠٣) ئەم ڕێککەوتننا مەی پە سەند کرد، لەو ڕێککەوتننامە یەدا ئا ماژە بەوە کراوە کە کولتووری ڕۆشنبیری نامادی بە بنەما دادەنرێت بۆ هەمەڕەنگی ڕۆشنبیری و لەبەر ئەو مەترسیانەی کە لەگەڵ جیهانگەرایی دروست بوون بۆ سەر کولتووری ڕۆشنبیری نامادی.

---

(١) تقرير اليونسكو العالمي (الاستثمار في التنوع الثقافي والحوار بين الثقافات)، منظمة الأمم المتحدة للتربية والعلوم والثقافة (UNISCO)، منشورات اليونسكو، ٢٠١٠، لا: ٢١.

(2) Cummins, Jim. Bilingual Children's Mother Tongue Why Is It Important for Education? Available at http://www.iteachilearn.com/cummins/mother.htm.

له ماددەی یه کەمی ڕێککەوتننامه کەدا پێنا سەی کولتووری ڕۆ شنبیری نا مادی کراوه بەوەی بریتیه له: "شێوازەکانی دەربڕین و مومارەسات و شوێنه ڕۆشنبیریەکان که له لایەن کۆمەڵه مرۆییەکان به به شێك له کولتووری ڕۆشنبیرییان دادەنرێت، ئەو کولتووره ڕۆشنبیریه نامادیه نەوه دوای نەوه دەپارێزرێت و له داهێنانی خودی کۆمه ڵه مرۆییەکانه و به پێی ژینگه و ڕەوڕەوەی مێژوو پێشکەوتنی به خۆیەوه بینیوه و برەوی پێ دراوه، تا که سەکان هەست دەکەن که ئەو ڕۆشنبیریه ناسنامەی ئەوانەو پێویسته بەردەوامی پێ بدەن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی که ئەو کولتووره ڕۆشنبیریەی ئەم ڕێککەوتننامەیه دەیگرێتەوه دەبێت گونجاو بێت لەگەڵ بەندەکانی مافی مرۆڤ"[1].

**دووەم:** ڕێککەوتننامەی پاراستن و پتەوکردنی هەمەڕەنگی شێوازەکانی دەربڕینی ڕۆشنبیری ساڵی (٢٠٠٥):

کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوه یەکگرتووەکان بۆ پەروەردەو زانست و ڕۆ شنبیری (یۆنسکۆ) له خولی سی و سێیەمی خۆی له پاریس/ فەرەنسا له ساڵی (٢٠٠٥) ئەم ڕێککەوتننامەی پەسەند کرد، له دەستپێکی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا ئەوه دووپات کراوەتەوه که هەمەڕەنگی به کولتوورێکی هاوبەش دادەنرێت بۆ مرۆڤایەتی و پاراستنی ئەم کولتوورەش ئەرکی پێکەوەیی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیه.

له ئامانجەکانی[2] ئەم ڕێککەوتننامەیه بریتین له:

١. پاراستن و پتەو کردنی هەمەڕەنگی شێوازەکانی دەربڕینی ڕۆشنبیری.

٢. فەراهەم کردنی بارودۆخ بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ڕۆ شنبیریەکان به شێوەیەك که یەکتر دەوڵەمەند بکەن.

٣. هاندانی دایەلۆگ له نێوان ڕۆشنبیریەکان بۆ برەودان به ئاشتی نێودەوڵەتی.

**سێیەم:** ڕەشنووسی ڕێککەوتننامەی پاراستنی زمانی دانیشتووه ڕەسەنەکان (السکان الاصلیین) ساڵی (٢٠٠٨):

زمانەکانی دانیشتووه ڕەسەنەکان (السکان الاصلیین) له سەرتاپای جیهان کاریگەریەکی نەرێنی کەوتبووه سەر به هۆی کۆچکردنی زۆره ملێ (التهجیر) و بەو هۆیەوه زۆر زمان لەناو چوون. لەو ڕوانگه یەوه کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوه یەکگرتووەکان بۆ پەروەردەو زانست و ڕۆشنبیری (یۆنسکۆ) له خولی سی و هەشتەمی خۆی له پاریس/ فەرەنسا

---

(١) ماددەی یه کەمی ڕێکەوتننا مەی پارا ستنی کولتووری ڕۆ شنبیری نا مادی ساڵی (٢٠٠٣). هەروەها له بڕگەی دووەمی ماددەی یەکەمدا به شێوەیەکی تایبەتتر باس له شێوازەکانی دەربڕینی زاره کی وه کو زمان که وەسیلەیەکه بۆ تەعبیر کردن له کەلتوری ڕۆشنبیری نامادی.

(٢) ماددەی یەکەمی ڕێکەوتننامەی پارا ستن و پتەوکردنی هه مەڕەنگی شێوازەکانی دەربڕینی ڕۆ شنبیری ساڵی (٢٠٠٥).

له ساڵی (٢٠٠٧) ئەم ڕێککەوتننامەی پەسەند کرد، لە سەرەتای ڕێککەوتننامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ترسناکییەکی گەورە لەسەر زمانی دانیشتووە ڕەسەنەکان هەیە بە شێوەیەك کە:

- زیاتر لە ٥٠٪ زمانەکانی جیهان لەو (٦) شەش هەزار زمانەی کە هەیە لەژێر مەترسی لەناوچوونە.
- ٣،٠٠٠ سێ هەزار زمان کە دانیشتووە ڕەسەنەکان قسەی پێ دەکەن لە ژێر مەترسیدایە.
- ٩٦٪ لە شەش هەزار زمانەکەی جیهان تەنها ٤٪ خەڵك لە هەموو جیهاندا قسەی پێ دەکەن.
- بە ڕێژەیەکی نزیکەیی هەموو دوو هەفتەیەك زمانێك لە ناودەچێت[١].

### باسی سێیەم: ئەرکی وڵاتان بە پێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان بۆ پاراستنی زمانی دایك

دوای ئەوەی لە باسی دووەم کۆمەڵێك ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیمان خستەڕوو کە تیا یدا زمان بە شێوەیەکی گشتی و زمانی دایك بە شێوەیەکی تایبەتی پارا ستنێکی یا سایی نێودەوڵەتی بۆ کراوە، هەر لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتننا مە نێودەوڵەتیا نە کۆ مەڵێك ئەرك خراوە تە ئە ستۆی وڵا تان تاوەکو یا سا نێوخۆیی یەکانی ئەو وڵاتا نە بەرجەستەی ئەم ستانداره نێودەوڵەتیانە بێت و لەگەڵ پاراستنە نێودەوڵەتیەکە بۆ زمانی دا یك پارا ستنێکی نی شتمانی بوونی هەبێت.

بە شێوەیەکی سەرەکی، پاراستنی نیشتمانی بۆ زمانی دایك خۆی لەم خاڵانەی خوارەوە دەدۆزێتەوە:

**یەکەم: دانپێدانانی دەستووری بە زمانی دایك:**

دە ستوور بە باڵاترین یا سای هەر وڵا تێك دادەنر یت، وڵا تان پێوی ستە مافی کەمایەتی یە نەتەوایەتی یەکان و کەمایەتییە ئاینییەکان بپارێزن و لە ن ێو ئەو مافا نەش مافی هەر نەتەوەیە کە لە پارێزگاریکردنی ز مانی دایکی ئەو نەتەوەیە.

لەسەر ئاستی وڵاتی عیراقدا، مافی نەتەوەی کورد و کەمایەتییە نەتەوایەتییەکانی عیراق پارێزراوە لە پارا ستنی زمانی دایك، بە پێی برگەی یەکەمی مادەی (٤) لە دەستووری عیراقی ساڵی (٢٠٠٥) زمانی عەرەبی و ز مانی کوردی بە دوو زمانی فەرمی لە عیراق دادەنرێن، هەروەها گشت نەتەوەکانی دیکەی عیراق مافی خۆیانە لە دەزگا پەروەردەییەکان بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن وەکو زمانی تورکمانی و زمانی سریانی و زمانی ئەرمەنی[٢].

---

(١) بروانە دەستپێکی (دیباجە)ی ڕەشنووسی ڕێکەوتننا مەی پارا ستنی زما نەکانی دانی شتووە ڕە سەنەکان ساڵی (٢٠٠٨).

(٢) بروانە ماددەی چوارەمی دەستوری عیراقی ساڵی (٢٠٠٥). وە ئەوەی شایانی ئا ماژە پێکرد نە کە ئەو دەقە تاکە دەقی یاساییە لەسەر ئاستی هەموو وڵاتانی جیهان کە زمانی کوردی بە فەرمی بنا سێت، تا ئێستا وڵاتانی تورکیا و ئێران و سوریا دان بە زمانی کوردی دانانێن لە نێو دەستورەکانیان.

**دووەم: گرتنە بەری ڕێوشوێنی یاسایی بۆ پاراستنی زمانی دایك:**

بە پ شت بە ستن بە دە ستووری وڵات، پێوی ستە لە سەر ئا ستی گ شت یا ساكانی وڵات بە تای بەت یا سا پەیوەندیدارەكان بە پرۆ سەی پەروەردەو خوێ ندن بارودۆخ لەبار ب یێت بۆ ژینگە یەكی كۆمەڵا یەتی ئەوتۆ كە تیا یدا فێربوونی زمانی دایك زامن بكرێت بۆ هەمووان بە بێ ج یاوازی، ئەگەر چی لە سەردەمی جیهان گەرایی هەمەچە شنیەكی زمانەوانی گەورە بەرپا بووە، بەڵام دەبێت لەگەڵ ئەو هەمە چەشنیەدا زمانی دایك پاراستنی یاسایی تایبەتی بۆ بكرێت لە یاساكانی وڵات.

گرنگترین ڕێو شوێنی یاسایی خۆی لەوە دەدۆزێتەوە كە ستراتیژیەتێكی تۆكمە ڕەنگڕێژ بكر یێت كە تیا یدا لە ڕێ گای سی ستەمی پەروەردە و خوێ ندن بوژ یادی هەمەچە شنیەكی زما نەوانی بكر یێت و لەم ستراتیژیەتە پێوی ستە هاوسەنگی لە نێوان دوو خاڵی سەرەكی ڕابگیرێت:

١. فێربوونی زمانی دایك بە شێوەیەكی تەواو و لە گشت قۆناغەكانی خوێندن.

٢. لە لقە جیا جیاكانی زانست كاربكرێت لەسەر ئەوەی قوتابی – لەگەڵ زمانی دایك– دوو زمانی دیكەی زیندوو فێر ببێت، لەسەر بنەمای ئەوەی پێویستە قوتابی بتوانێت تواناستی زانستی خۆی بە سێ زمان  بە لا یەنی كەم– دەربب‌ڕێت[1].

لە پێناو پاراستنی هەمەجۆری زمانیی و پتەوكردنی توانستە هەمەلایەنەكانی زمانەكان و لە پێناو بەدیهاتنی ئەم مەبەستە پێویست بە ئەنجامدانی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەكات:[2]

١– دابینكردنی ئاسانكاری زمانەكان لە بواری ئەنجامدانی ڕێكاری گونجاو، چ ڕێ كاری فێر كاری، یان نوو سراوی، یان كارگێڕی، یان ڕێكاری تر بێت.

٢– دابینكردنی (بە پێی پێویست) پێداوستییەكانی فێربوونی زمانی نەتەوەیی و زمانی نێودەوڵەتی، لەپاڵ زمانی دایكدا.

٣– كاركردن بە هەموو ڕێگا یەكی شیاو بۆ ها ندانی وەرگێڕا نی بابە تە نوو سراو و بی ستراو و بی نراو لە پێ ناو پتەوكردنی بەكارهێنانی بیرو كارە هونەری یەكان لە سەر ئا ستی نێودەوڵە تیدا، لە ڕێ گای بەكارهێنانی تەكنەلۆژی یە نوێیەكان لە هەمان كاتدا.

---

(١) بڕوا نە بڕ یاری كۆمە ڵەی گ شتی نە تەوە یەكگرتووەكان لە دانی شتنی شە شەمی كۆمە ڵەی گ شتی لە ڕێكەوتی ١٩٩٩/١١/١٧.

٢ تقرير اليونسكو العالمي (الاستثمار في التنوع الث قافي وا لحوار بين الثقا فات)، منظ مة الأ مم المت حدة للترب ية والعلوم والثقافة (UNISCO)، منشورات اليونسكو، ٢٠١٠، الفصل الثالث:اللغات، ص٨٦

٤– دانانی پێوەری باوەڕپێکراو و شیاو بۆ بەراوردکردن لە ئاستی نێودەوڵەتی لە پێناو هەڵسەنگاندنی شوێنەواری سیاسەتە زمانییەکان لەسەر هەمەجۆری زمانی و هاندانی ئەنجامدانە نوێیەکان لەم بارەیەوە.

## ئەنجامەکان:

لە ئاکامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- ئەوانەی بە زمانێك زیاتر دەدوێن لە چینی سەرووی کۆمەڵگان، یان بە هۆی جۆری پیشە (بۆ نموونە بازرگان) یان لە دەرەوەی وڵات ژیاون، یان ئارەزووی فێربوونی زمانی تریان هە یە، یا لە ژێر کاریگەری شەپۆلی جیهانگەرایی وتەکنەلۆژیاوە ڕێڕەوی زمانی دایك گۆڕانێکی زۆری بە سەردا هاتووە، بەڵام چینی هەژار، یان نەخوێندەوار زۆر لە سنووری زمانی دایك دوور ناکەوێتەوە, کەپاراویی زمان بەهۆی ئەم چینە دەپارێزرێت.
- دە سەڵاتی کوردی نەیتوانیوە باوەڕێکی پتەو لەنێوان نەتەوەو زمان دروست بکات و هۆشیاری زمانیی ببەخشێتە هاوڵاتیانی، لەکاتێکدا بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی لەسەر شانە بۆ یەکلایی کردنەوەی زمانی فەرمیی و ستاندارد و بڕیار لەسەردانیان.
- دام ودەزگاکانی ڕاگەیاندن سستن لەپروپاگەندەکردن بۆ خۆشەویست کردنی زمانی دایك، چ لەڕێگای پەخشی گۆرانی و درامای ڕەسەن، چ لەڕێگای پەخشی زیاتری شیعرو چاوپێکەوتن لەگەڵ زمانزان و زمانناسەکان.
- کەرەستەکانی زمانەکانی هەموو دنیا یەکن و ئەلف و بای زمانەکانیش تارادە یەك هەیانە لێك نزیکن، بۆیە بایەخدان بەزمانی دایك دەبێتەبنچینەیەك بۆ پێشخستن و گەشەپێدان و دروست کردنی متمانە.
- زاڵ بوونی ڕۆشنبیری وێنەو ڕەمزو کۆد لەسەر ڕۆشنبیری وشەو دەستەواژە... دواتریش زمان، کەبۆتە هۆی فەرامۆش کردنی زمان یا کەمتر بایەخ پێدانی.
- ئەوەی زمانێکی تربزانێت و زمانی دایك نەزانێت ئەوا ئەو بنچینەیەی نابێت کەزمانی دایك وەك زمانی یەکەم دەبێتە ڕێگای بیرکردنەوەی منداڵ و شیکردنەوەکانی، چونکە زمانی دایك تەنیا زمانێکی ئاسایی نییە، بەڵکو پڕە لەهەست و سۆز و لایەنە مرۆڤایەتییەکان کەدایك و منداڵ بەیەکەوە دەبەستێتەوە.
- زمانی دایك سەرچاوەیەکە بۆ تێگەیشتن لە کولتووری نەتەوە لەلایەك و تێگەیشتنی کولتووری نەتەوەکانی ترو هەڵگرتنیان لە لایەکی ترەوە.
- زمانی دایك ڕەمزی نەتەوەو بەیەکگەیشتن و پاراستنی نشتمانە لەهەمان کاتدا.
- مرۆڤ بەهۆی زمان (زمانی دایکی تایبەت بەخۆیەوە) بوونی خۆی دە سەلمێنێ و جیای دەکاتەوە لەنەتەوەی تر، کە کورد تاقەچەکی مانەوەو پاراستنی زمانەکەی بووە.

- زمانێکی دیاریکراو لەچوارچێوەی مێژوو، ئایین، وە کو ز مانی یە کەمی مرۆڤا یەتی نەچە سپێنراوە، زما نەکان لەلایەن یەزدانەوە بەمرۆڤ بەخ شراوە بۆ هەڵسووڕاندنی کاروبارە کانی ژیان و خاڵی بەیەکگەیشتنیان لە گەڵ ئەوانی دیکەدا.
- بایەخدانی زیاتر بەزمانی بێگانە لەسەر حیسابی زمانی دایك، دوورکەوتنەوەی لەسەرچاوە ڕەسەنەکان و وشە پاراوەکانی نێوزمانی دایك دروست کردووە.
- جەختکردنەوەی لایەنە پەیوەستدارەکان بەئایین لەسەر وردبوونەوە لەسەرناسنامەی نەتەوە کەزمانەو هاندانی خەڵك بەتایبەتی لاو و گەنج بۆ ئاراستەکردنیان بەرەو زمانی دایك و ڕێزگرتنی هەموو زمانەکانی دیکە.
- شانازی کردن بەناسنامەو ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی کەزمانی دایك بۆمانی هەڵگرتووە، دەبێتەما یەی بەردەوام بوونی پتەویی پەیوەندیمان بەم زمانەو ڕێزگرتنی ڕۆشنبیری ئەوانی دیکە.
- پاراستنی زمانی دایك لەلایەن ئەوانەی لە وڵاتە هەمەجۆرو هەمەزمانەکان نیشتەجێن و نا سنامەی ئەو وڵا تەو ئەو زما نەیان هەڵگرتووە، کاریگەر یەکی زۆری بە سەر نا سنامەو ز مانی ناوەوەی وڵات هە یە، بۆ ئەوەی هەڵ قەی پەیوەندییان بەزمانی دایك بێت، نەك زمانێکی دیکە، کەزمانی دایکییان بیربچێتەوەو زمانێکی بێگانە جێگای زمانی دایك بگرێتەوە.
- زمانی دایك هەڵگری واتاو بیر و دابونەریتە شاراوەکانە، کە تایبەتمەندی ئەم زمانەی هەڵگرتووە، تێگەیشتنی ئەوی دیکەش هەرلەڕێگای زمان و کاریگەری زمانەکەی، لە بەیەکگەیشتنی مرۆڤایەتیدا ئەنجام دەدرێت.
- جهانگەرایی کاریگەری لەسەر زمان دروستکردووەو دروست دەکات بەوەی خەڵك لەسەرچاوەکە کەزمانی دایکە وردە وردە دورتر دەخاتەوە..دەشێ ئەمە ئامانجێك بێت بۆ پەیڕەوکردنی یەك زمانی لەداهاتودا.
- زمانی دایك فێربوون و زانینی هیچ زمانێکی تری دووەم، یان سێیەم.......تاد، ڕەتناکا تەوە، بەڵکو دەبێ تە بنیادێك بۆ فێربوونی زمانەکانی تر، و پاراستنی یەکێکە لەو خاڵانەی کە بنیادەکەی پتەوتر دەکات.

## ڕاسپاردەکان

١. گرنگی دان بە وەرگێڕان، چونکە وەرگێڕان دەبێتە هۆ کاری پ تەوبوونی زمان و دەوڵەمە ندکردنی زمانی دا یك، بەڵام بەمەبەستی پاراوکردنی زمان دەب ێت وەرگێڕا نەکان بە کەناڵی پێدا چوونەوەو بەراوردکرد ندا تێ پەڕبێت، ئیذ جا بڵاوبکرێتەوە.

٢. زمانی ڕاگەیاندن بخرێتە ژێر سانسۆرێکی زمانییەوە، چونکە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی تر سناك و باڵای لە کۆ مەڵگادا هەیە لە هەمان کاتدا,باڵا بەوەی لە بەیەکگەیشتنی هەمیشەی دایە لەگەڵ خەڵکا ندا و کاریگەری بە سەریانەوە دەب ێت, ترسناك کاتێك کاریگەرییەکەی نەرێیی دەبێت و زمانێکی پتەو بەکارناهێنرێت یان هەر گرنگی بە زمان نادرێت.

٣. بڵاو کردنەوەی زمانی کوردی و پتەوکردنی لە ڕێگەی پڕوپاگەندەو ئاگاداری و ناونان،چ ناوی کە سی بێ، یان ناوی شوێنە گشتییەکانی شارەکان، یان لە ڕێگەی پڕوپاگەندەکردن بۆ کاڵا و بابەتە هەمەجۆرەکان.

٤. ز یاتر با یەخ بە کرد نەوەی دامودەزگای تای بەت بە کۆکرد نەوەی و شەو دە ستەواژەو ئید یەم و ناوی ئەو کەرەستانەی کە ئیستا بە کارنایەن لە دووتوێی فەرهەنگی تایبەت بە هەر بوارێك بدرێت بە مەبەستی پاراستنیان.

٥. نەخشە بۆ دانانی زمانی Language Planning لەبەرچاوی دەوڵەت و بەرپرسان بگیر ێت و کاری جدی و ڕاستەقینە بۆ زمانی کوردی بکرێت.

٦. کردنەوەی زیاتری چاپ و چاپخانەو هاندانی نووسینە کوردییەکان و بە چاپگەیاندنی کتێب و دیوانی کوردی بە نەخشەسازی سەرنجراکێش.

٧. دانان و دیاریکردنی خەڵات بۆ ئەو زماننانس، یان دامودەزگای ڕاگەیا ندن کە زۆر ترین خزمەت بە زمانی دا یك دەکات و بڕیاردان لە ئاکامی لیژنەی تایبەت و پسپۆڕی دیاریکرادا ئەنجام بدرێت، بە شێوازێکی بابەتیانە بێت.

٨. بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری زمانی بە تایبەتی لەڕۆژی جیهانی زمانی دایکدا بۆ ئەوەی وردە وردە تێگەیشتنی زیاتر بەرامبەر زمان و هۆشیاربوونەوە و ڕیزگرتنی زمانی دایك گەشەبکات.

٩. گرنگی دان بە زانستە هەمە جۆرەکان بەتا یەتی دا نانی فەر هەنگی تای بەت بۆ زاراوە و وشەکانی زانستەکانی وەك: دەروونزانی و کۆمەڵناسی و ڕامیاری و ئابووری.........تاد، کە دەبنە مایەی دەوڵەمەندی زمان.

### پاشکۆی ژمارە (١)

### چۆنیەتی چالاکبوونی زمان

گواستنەوەی زمان لە نەوەیەکەوە ژمارەی ڕەهای ئاخێوەران بەو زمانە




**پاشکۆی ژمارە (٢)**

**خشتەی ڕێژەی زۆرترین ئاخێوەرانی زمانەکان (وەك زمانی یەکەم و زمانی دووەم)**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | بە (ملیۆن) | ئاخێوەران وەك زمانی یەکەم | ئاخێوەران وەك زمانی دووەم |

رمان، تاريخ اللغات و مستقبلها، ص١٥٠.

نات حسب عدد متحدثها الاصليين، ويكيبيديا، الموسوعة الحرة.

## سەرچاوەکان


١. رفیق سابیر (د)، بە ستانداردکردنی زمانی کوردی و ئەلف و بێی کوردی, چ١, دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم, سلێمانی، ٢٠٠٨.
٢. مەسعوود محەمەد، زمانی کوردی، و. حەکیم کاکە وەیس, چ١, چاپخانەی شڤان, سلێمانی، ٢٠١٠.
٣. ئەمجەد شاکەلی, منداڵی کورد و فەرهەنگی کورد لە هەندەران, سوید، ١٩٨٩.
٤. کامیار سابیر, ئەنسرۆپۆلۆجیای زمانی کوردی, پرۆسێسی ستاندەرد بوونی,چ١، چاپخانەی ئاوێنە, سلێمانی، ٢٠١١.
٥. کامیار سابیر, لینگوا فرانکای کوردی، زمانی ستاندەردو فەرمی, چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٩.
٦. فەرهاد شاکەلی, لە ئاستانەی زمانی کوردی، چاپ و پەخشی سەردەم, سلێمانی، ٢٠٠٨.
٧. فەرهاد شاکەلی، زمانی کوردی لە ئاستانە سەردەمێکی تازەدا, چ١, چاپخانەی ڕەنج, سلێمانی، ٢٠٠٩.
٨. نامق هەورامی، تێکستی ژنان لە دەفتەرەکانی یارساندا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١١، ل٣٧.

**دیوانی شاعیران**

١- دیوانی حاجی قادری کۆیی, لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی, کەریم شارەزا و سەردار حمید میران، ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان،؟، ١٩٨٦.
٢- دیوانی قانع, کۆکردنەوەی بورهان قانع,چاپخانەی دالاهۆ, تەهران، ١٣٨٥.
٣- دیوانی مەحوی,لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی مدەریس, چ٢, چاپخانە ئۆفیستی حسام, بەغدا، ١٩٨٤.
٤- دیوانی مەلای جزیری, هەژار شەرحی کردووە, چ١ سروش, تەهران، ١٣٦١.
٥- دیوانی صافی، لیکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی محەمەدی مەلا مستەفای هیرانی, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
٦- دیوانی نالی, لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی مدەریس, چاپخانەی کۆڕی زانیاری بەغدا,١٩٧٦.
٧- هەژار، بۆ کوردستان، چ١، انتشارات هەژار، ١٣٨٥.
٨- دیوانی سەلام، ئامادەکردن و پێداچوونەوە، ئومێد کاکە ڕەش, چ٢, چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٩٠.
٩- دیوانی دڵدار. شاعیری شۆڕشگێڕی کورد, عبدالخالق علا والدین، دار آفاق عربیە، بەغدا، ١٩٨٣.
١٠- هێمن، تاریك و ڕوون،؟، ١٩٧٤.
١١- دیوانی گۆران، ب ١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، ١٩٨٠.

**– عەرەبیەکان**

- القرآن الكريم
- الكتاب المقدس
- ابو محمد على بن احمد بن حزم, الاحكام في اصول الاحكام، ج١، دار الفكر، بيروت، ١٩٩٧.
- اندرية مارتينه, وظيفة الألسن و ديناميتها, ط١, ترجمة نادر سيراج، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٩.
- جمال حمود، فلسفة اللغة عند لودفيغ فنغشتاين، ط ١, مطابع الدار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠٠٩
- د. عمر موسى باشا, لسان العرب المعجم اللغويى العربي الكبير في التراث العربي، مجلة التراث العربي, العدد ٧٧, السنة ١٩, اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ١٩٩٩.

- فلوريان كولماس، دليل السوسيولسانيات، ترجمة د. خالد الاشهب. ط١، مطبعة المنظمة العربية للترجمة، ٢٠٠٩.
- لويس جان كالفى، حرب اللغات و السياسات اللغوية، ترجمة د. حسن حمزة، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، لبنان، ٢٠٠٨.
- هارالد هارمان, تاريخ اللغات و مستقبلها, ترجمة سامى شمعون, الدوحة، ٢٠٠٦.
- عمارة ناصر، اللغة و التأويل، ط١، دار الفارابي، بيروت، لبنان، ٢٠٠٧.
- دونى كوش، مفهوم الثقافة فى العلوم الاجتماعية، ترجمة /د.قاسم المقداد، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٢.

– **انترنيت**

- الامازيغية باعتبارها لغة الام، الواحة، جريدة مغريبة ألكترونية مستقلة.
- ويكيبيديا، الموسوعة الحرة، اللغة الأولى.
- تقرير اليونسكو العالمي (الاستثمار في التنوع الثقافي والحوار بين الثقافات)، منظمة الأمم المتحدة للتربية والعلوم والثقافة (  )، منشورات اليونسكو، ٢٠١٠، الفصل الثالث، اللغات.
- Cummins, Jim. Bilingual Children's Mother Tongue Why Is It Important for Education? Available at http://www.iteachilearn.com/cummins/mother.htm.